# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (148) بەرواری 15–7–2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت



## پاش دووساڵ دەرکەوتنێکی تری مەسرور بارزانی لە شانۆگەرییەکی چەواشەکارانەی تردا!...ل10_11

## وتەی ژمارە

## بۆ ئەڵتەرناتیفی بۆرژوازی کورد، لەبەرامبەر هەژموونی بەغدادا

### عەبدوڵا مەحمود

بەجیا لەو دوو هۆکارە "کاڵبوونەوە روحی نەتەوایەتی و کوردایەتی نەکردن!" و " لێکترازانی و ناکۆکی ناو ماڵی کورد" کە وەکو سەرچاوەی هەرەشەی هەرێم لەلایەن سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەخرێتە ڕوو، هاوکات زوربەی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و نووسەرانیان دەڵێن هۆکاری مەترسی سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان پاشگەزبوونەوەی هیزە عێراقیەکانە لە پابەند بوون بەدەستورو فیدرالیزم. لە کاتێکداو لەبنەرەتدا گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم پابەندبوونی



هیزە عێراقیەکانە بە فیدرالیزمی قەومی و دەستور، کە پارتی و یەکێتی بە تەبایی و هاوئاهەنگ پێشوازیان لێکرد و وەکو دەستکەوتێکی گەورە وێنایان کرد و وەکو سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردی رایانگەیاند، بەڵام دەستور و فیدرالیزمی قەومی لە هاوسەنگی هێزی تایبەتی نێوان بەغداو هەولێردا، نووسراو بە تەواوەتی مۆری ئەو هەلومەرجەی پێوەیە... بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لەوپەڕێ هیز و توانایی خۆیدا بوو. قەڵەمرەوی دەسەڵاتی لە هەرێمدا بۆ زیاتر لە دەیەیەک زوتر جێگیر کردبوو. لە ئاستی ناوچەکەو دنیادا، کارتێک و یاریچیەکی مایە لەسەر دانراو بوو. وەهمی خەڵکی کوردستان بە دەسەڵات نەرەویبۆوە... لەهەمان کاتدا بۆرژوازی عەرەب لە عێراقدا بەتایبەتی باڵە شیعەکەی، بەسەر وڵاتێکی داڕوخاو، دەوڵەتێکی بنەما وێران، بەوپەڕی بێ ئەزموونیەوە دەستی پێکرد. هاوکات لایەنی باڵادەست لە عێراقدا بە کردەوە لە ژێر هەژموونی رەهای ئێراندا بوو... چ دەستورو چ فیدرالیزمی قەومی وەکو بنەما و چوارچێوەی پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە، لەو هەلومەرجەدا بەناچار تارادەیەک بەشێک لەخواستەکانی بۆرژوازی کوردی جێگیر کردبوو، بەتایبەتیش مافی فەرمانرەوایی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی دوورو نزیکی کوردستاندا، بۆ بۆرژوازی کورد بە فەرمی ناساند و ئەم مافەشی لە دەستوردا جێگیر کرد. دەستور مافی فەرمانڕەوایەی بۆرژوای کوردی بەسەدان ئەمما و ئەگەر و بەندی مەتاتییەوە، داڕشتبوو... بەتایبەتیش لەپەیوەند بە مامەڵە بە داهات و سامان و

بۆ لاپەڕە 2

## لە ٢٣ هەمین ساڵیادی تیرۆری کۆمۆنیستەکاندا... تۆمەتباران و دەسەڵاتەکەیان لە سەرەی ڕاماڵیندان!




١٤ ی ئەم مانگە ٢٣ ساڵ تیپەر دەبێت، بەسەر یەکێکی تر لە تاوانەکانی یەکێتی نیشتیمانی بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و ڕێکخراوە جەماوەرییە نزیکەکانی ئەو حزبە.

١٤/٧/٢٠٠٠ هێزێکی زۆری چەکداری یەکێتی نیشتیمانی بە بریاری سەرکردایەتی ئەو کاتەی یەکێتی و بەدیاریکراوی بە سەرپەرشتی نەوشیراون مستەفا، هێرشێکی نابەرابەر و درندانە دەکەنە سەر نوسینگەکانی رابەری

بۆ لاپەڕە 3

## کابینەی نۆهەم کابینەی برسیکردن، تالانی، سەرکوت و بێمافی و کۆنەپەرستییە...



١٠ی ئەم مانگە کابینەی نۆهەمی حکومەتی سێ کوچکەی"پارتی و یەکێتی و گۆڕان" و هاوبەشەئیسلامیەکانیان" تەمەنی چوار ساڵەی خۆی تێپەراند. کادر و بەرپرسان و میدیاکانی پارتی و موچەخۆرەکانی، بێ شەرمانە باسی سەرکەوتنی کابینەی نۆهەم دەکەن و سەرۆکی کابینەکەش وەکو سەرۆک وەزیرانێکی خۆراگر و سەرکەتوو دەخەنە ڕوو.

بەجیا لەوەی حکومەت خۆی چ

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- بۆچی کۆبونەوەکانی ئەم دورەیەی پارتی و یەکێتی..............ل4
- نامۆبوون بە مانای نەهامەتی بۆ کرێکاران..............................ل4
- ئیبراهیم عەباس وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە.........................ل5
- نارەزایەتییە جۆراوجۆرەکان ناتوانن کاریگەری..........................ل6
- لە سەردەمی دوو کاریزماکەدا پێنج کۆمۆنیست خەڵتانی........ل6
- منداڵانی پەنابەر تاکە دۆڕاون لەو ململانێیەدا.........................ل8
- بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری.......ل9
- زیادکردنی مووچە و هەقدەست یان قازانج..............................ل13




## دۆسیەی ژمارە "هۆکاری کوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە و ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێم"

### هاوڕێ عەلی مەحمود وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل12_13


پرسی رۆژ ل5

پرسی ژن ل7

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

# درێژەی وتەی ژمارە

پرسی نەوت و سنورو بەرگری. لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی و ململانێی نێوان باڵەکانی بۆرژوازی لە عێراق و بەیەکدادانی تاییفی و قڵشتی ناو هیزە باڵادەستە شیعیەکان و هەوڵی ناسیونالیزمی سونە بۆ جێگا پەیداکردنەوە، وای کرد کە دەسەڵاتی ناوەندی چاوپۆشی لە زیدەڕەوی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد بکات و پێشێلکارییە دەستوری و یاساییەکان، بێدەنگە لێ بکات، بەڵام لەگەڵ خۆگرتنەوەی پەیتا پەیتای بۆرژوازی عێراق و تیپەڕین لە ئەزمە قوڵە ناوخۆیەکانی و هاوکات کۆتاییهاتنی جەنگی سەربازی لەدژی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەر... لەڕیگای بەدەستەوە گرتنی خودی دەستور، بەڵام لەهەلومەرج و هاوسەنگیەکی تازەدا، هەوڵەکانی خۆی بۆ پشتراستکردنەوە لەسەراسەری عێراقدا دەستپێکرد و هەرێم و دەسەڵاتی بۆرژوای کورد یەکێک لە نیشانەکانی بوو.

بۆرژوای عێراقی بۆجێگیرکردنی دەسەڵاتی ناوەندی خۆی بەسەر تەواوی عێراقدا، بەر لەهەر ریگاو شێوازێک، پێویستی بە پابەند بوون بەدەستور و دەستگرتن بە یاساکانی دەستور بڕیارلێدراو بوو. بۆ ئەو مەبەستە لەجێگای بەدەستەوەگرتنی کەیسی سیاسی رەها، پیویستی بەجوڵاندنی ئەو دۆسیانە بوو، کە توانایی و لەخۆرادیووی ناسیونالیزمی لەسەر بیناکرابوو، یەکێک لەو دۆسیانە پرسی فرۆشتنی نەوت و کێڵگە نەوتیەکان و ئابوری سەربەخۆ... بوو. کە هەرکام لەم دۆسیانە، بەپێی دەستور لە دەسەڵاتی ناوەندی دایەو دەسەڵاتی فیدرالی و هەرێمەکان مافی مامەڵە بە سامانی نەوت و غاز و فرۆشتنی سەربەخۆیان نییە. جوڵاندنی ئەم دۆسیەیە لەلایەن بەغداوە هەم دەستوری و هەم یاسای بوو، وە دادگای فیدرالی بە تەواوەتی لە پشتی بوو، جوڵاندنی ئەم دۆسیەیە، سەرەتای جوڵەی بۆرژوازی عێراقی بوو بۆ کەم کردنەوەی توانایی دەسەڵاتی هەرێم و لەدەست

دەرهێنانی توانا ئابوریەکەی کە بۆرژوای کورد لە هەلومەرجێکی تایبەتی و لاوازی دەسەلاتی ناوەندیدا، بەدەستیەوە گرتبوو، دیارە دۆسیەی نەوت لە بنەرەتدا دۆسیەیەکی سیاسی نێوان هەرێم و بەغداو کارتیکی ململانێی نێوانیان بوو. بۆ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، دۆسیەی نەوت بنەمای سەربەخۆی ئابوری و چەکیکی سیاسی بوو کە دەیویست لەو رێگایەوە سەربەخۆی و تونایی بریاردانی سیاسی بەسەر هەرێمدا درێژە پێبدات و بەغداش ناچار بەوە بکات مل بەو ویستەی بدات... بەڵام بریاری دادگای فەرەنساو دواتر بریاری دادگای فیدرالی... ئەو کارت و چەکەی لە دەستی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەرهێناو هاوکات ناچار بوون ئەو بڕیارە بە فەرمی بناسن و پێوەی پابەند بن... ئەوەی جێگەی گاڵتەجارییە، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد چۆن شانازییان بەسەربەخۆی ئابوری و فرۆشتنی نەوتەوە دەکرد، ئەو کاتەش لەدەستیان دەرهێنان دوبارە کەوتنە شانازی کردن بە دیبلۆماسیەتی کوردی و بەیاسایی کردنی فرۆشتنی نەوت...

ئیستاش کە هەژموونی ناوەند بەسەر دەسەڵاتی شەقبووی هەرێمدا تا دێت زیاتر دەبێت، پارتی و یەکێتی هەر لایەکیان لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان لەگەڵ ناوەند بگونجێنن، بەڵام هەردوو لاش نایشارنەوە کە قەوارەی سیاسی هەرێم لەبەردەم دارمان و داڕوخاندایە. وە خەونی بۆرژوازی کورد لە بانگەشەی گەورەو قەبەوە بەتایبەتی بانگەشەی وابەستە بە پرسی کوردەوە هاتووتە خوارەوە بۆ پرسی بەهرەمەند بوون لە بودجە و شایستە داراییەکان لەلایەن بەغدا و دابەشکردنی موچەی موچەخۆران. واتە لە کاتێکدا بەغدا خەریکی چنین و جێ بەجێکردنی نەخشەیەکی هێرش بەرانەیە بۆسەر دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد، بۆرژوازی کورد نەک توانای بەرگری نییە، بەڵکو لەلایەکەوە ئەزمەی ناوخۆیی بۆرژوازی کوردی قوڵ کردۆتەوە و لیکترازانی هێزەکانی زیاتر کردووە، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی هەر زۆنێک خەریکن هیواش هیواش دەچنە ناو ئامیزی بەغداوە. بەمەش بەکردەوە شتیک بەناوی قەوارەی سەربەخۆیی هەرێم نامێنێتەوە و پارتی و یەکێتی دەبنە ئامرازی دەستی بەغدا بۆ ئیدارەی هەرێم، بێ ئەوەی توانایی ئابوری و سیاسی و ئەمنی و حقوقیان، هەبێت.

**لە کاتێکدا بەغدا خەریکی چنین و جێ بەجێکردنی نەخشەیەکی هێرش بەرانەیە بۆسەر دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد، بۆرژوازی کورد نەك توانای بەرگری نییە، بەڵکو لەلایەکەوە ئەزمەی ناوخۆیی بۆرژوازی کوردی قوڵ کردۆتەوە و لیکترازانی هێزەکانی زیاتر کردووە، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی هەر زۆنێك خەریکن هیواش هیواش دەچنە ناو ئامیزی بەغداوە**

ئەمەش بەکردەوە هێرشی بۆرژوازی عێراقییە بۆسەر دەسەڵات و بۆرژوازی کورد، بەڵام ئەمە تەنها رەوەندێکە و کەڵک لە رەوەندێکی تر وەردەگرێت. رەوەندێک کە ریشەی لە واقعیەتی سیاسی کوردستاندایە... چۆن دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەندی عیراقدا زەلیل و لەژێر گوشار و بەرەو لاوازی مل دەنێت، ئاواش لەبەرامبەر بە خەڵکی کوردستاندا رووی لە پاشەکشەیە. متمانەی زوربەی هەرە زۆری هاوڵاتیان بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن نەماوە، هاوسەنگی هیزی نیوان خەڵک و دەسەڵات بەسودی خەڵکی گۆڕاوە، بانگەشەکانی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد، بەرەو مایەپوچی چووەو خەڵک ئەوانە وەکو دوژمنی خۆیان دەبینن و قەوارەی هەریمی کوردستان" دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد" نەک هیچ پیرۆزییەکی لایان نییە، بەلکو بەکردەوە بوونە هیزێک بۆ لاوازکردن و بریاری راماڵینیان داوە. ئەم دوو رەوەندە رەوەندی گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و رەوەندی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بەدژی دەسەڵاتی هەرێم، پرۆسیسی کۆتاییهاتنی ئەم قەوارە سیاسیەی خێراتر کردووە... خەڵکی کوردستان نەک ئامادەنییە لەبەرامبەر گوشارەکانی بەغدادا کاردانەوەیەک نیشان بدات و بەرگرییەک بکات، بەڵکو بەکردەوە پیشوازی لە هەژموونی بەغدا بەسەر هەرێمدا دەکەن و ئەوە بەرێگایەک بۆ سوک بوونی باری سەرشانیان و باشتر بوونی ژیان و گوزەرانیان دەزانن... کە دیارە ئەم دید و روانینە هەڵەو هەڵگری خۆشباوەرییەکی یەکجار گەورەو وێران کەرە... خەڵکی کوردستان چۆن تورەو نارازین لە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، ئاواش خەڵکی عەرەب زمان تورەو نارازین لەدەسەڵاتی ناسیونالیزمی عەرەب، بۆیە هەردوو دەسەڵات هەولێر و بەغدا دوو دیوی یەک دراون و خەڵکی کوردستان چۆن دژی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە ئاواش دەبێت دژی دەسەڵات و بانگەشەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بێت. کۆتاییهاتنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان لەسەر دەستی بۆرژوازی عێراقی، بە قازانجی خەڵکی کوردستان نییە و هیچ دەروازیەکی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی ناخاتە ڕوو... بەڵکو بەرەو دوبارە مەرگەساتەکانی رابردو و تاوانەکانی دەباتەوە...

بۆرژوازی کورد لە بەرامبەر بە دارمانی قەوارەی سیاسی هەرێمدا، هیچ رێگاچارەیەکی نییە، جگە لەوەی کە دەیەوێت بە درۆی هەڵبژاردنەکان وەڵامی ئەم دۆخە بداتەوە، واتە هەڵبژاردنەکان بەڕیگایەک بۆ وەڵام بەبەغدا و بە وەڵام بە خەڵکی کوردستانیش دەزانێت. لەکاتێکدا خودی هەڵبژاردنیش خۆی گرفتە و کۆسپیکە و ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی رابردووش پوچی هەڵبژاردنەکانی لە بەرامبەر بە هەژموونی حزب و دەسەڵاتی میلیشیایی نیشانداوە و خەڵکی عێراق و کوردستانیش وەکو نارەزایەتی یان لە درێژەی نارەزایەتیەکانیدا بەدژی دەسەڵاتی بۆرژوازی لە سەراسەری عێراق و کوردستاندا، رێگای بایکۆت و بەشداری نەکردن و بەشکست کیشانی هەڵبژاردووەو و ئەمەش بۆتە مەیدانێکی تری نەبەردی خەڵکی عێراق و کوردستان بەدژی دەسەڵاتی باڵەکانی بۆرژوازی لە ئاستی عێراق و کوردستاندا. بەڵام ئەمە بەبێ دەست راگەیشتن و بەدەستەوە گرتنی ئەلتەرناتیفێکی جیاواز و کارساز بەشوێنێک ناگات، بۆیە رێگاچارەیەکی تر لەبەرامبەر بەم دۆخە و وەکو ئەلتەرناتیفی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و جۆری حکومرانیەکەی، بۆتە پێداویستیەکی لەدواخستن نەهاتوو... لەبەشی داهاتووی ئەم وتارەدا رێگاچارە و ئەلتەرناتیفێکی تر لەبەرامبەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەخەینە ڕوو....

**ماویەتی**

**زوربەی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و نووسەرانیان دەڵێن هۆکاری مەترسی سەرقەوارەی هەرێمی کوردستان پاشگەزبوونەوەی هیزە عێراقیەکانە لە پابەند بوون بەدەستورو فیدرالیزم. لە کاتێکداو لەبنەرەتدا گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم پابەندبوونی هیزە عێراقیەکانە بە فیدرالیزمی قەومی و دەستور، کە پارتی و یەکێتی بە تەبایی و هاوئاهەنگ پێشوازیان لێکرد و وەکو دەستکەوتێکی گەورە وێنایان کرد و وەکو سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردی رایانگەیاند ...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## دریژەی: لە ٢٣ هەمین ساڵیادی تیرۆری کۆمۆنیستەکاندا... تۆمەتباران و دەسەڵاتەکەیان لە سەرەی ڕاماڵیندان!

و سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و نوسینگەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیان، لەوانە ریکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پاریزگاری لە ژنان، سەنتەری بەرگری لە منالان و نوسینگەی سەنتەری مامۆستایان و سەیارەیەکیش کە بۆ کرینی شت و مەک لەبازار دەگەرایەوە، لە ئاکامی ئەم هێرشەدا چەند کەسێک لە پاسەوانەکانی نوسینگەی رابەری و چەند کەسیکیش کەلەناو سەیارەکەدا بوون گیان لەدەست دەدەن.

ئەم هێرشە چەکدارییەی یەکێتی، لە ١٤ حەوتدا روویدا، بەڵام ئامادەکارییەکانی و نەخشەکەی لە چەند مانگ و رۆژ پێشترەوە دەستی پێکردبوو. پاساوی یەکێتی بۆ ئەم هێرشە چەکداری و دڕندانەیەی بردنە دەرەوەی بارەگای چەکداری حزبەکان بوو، لەکاتێکدا ئەم حزبە هێزی چەکداری نەبوو، جگە لە چەند پاسەوانێکی نوسینگە و کادرە رابەرایەکانی... وە ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەموو حزبەکانی تری کوردستان وخودی یەکیتی و بەرپرسەکانیان، بە هەزاران بارەگای حزبی و بنکەیان هەبوو، کە زوربەی هەرەزۆریان بەدەیان و سەدان چەکدار پاسەوانیان دەکرا و سیمای شاریان میلیتاریزە کردبوو. کەچی ئەم پاساوە پوچەیان بەدەستەوە گرت لەپێناو بەرگرتن لە هەژموونی سیاسی خۆیان و جێبەجێکردنی راسپاردەی بەعس و جمهوری ئیسلامی ئیران.

یەکێتی پێشتر و بە ئاشکرا لە ریگای دادگاوە، حزبی کۆمۆنیستی کریکاری تۆمەتبار کردبوو بەوەی...خواستی ریفراندۆم و سەربەخۆی بەدەستەوە گرتووە، بەرگری لە یەکسانی ژن و پیاو  و ئاوارە عەرەبەکان دەکات، واتە یەکێتی پێش هەموو شتێک نیگەرانی حزوری سیاسی و ڕیگاچارەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری و سیاسەتەکانی بوو، کە تا رادەیەکی بەرجەستە خەڵکی بەرگری لەو سیاسەت و رێگاچارانە دەکرد، هەروەها چ بەرپرسانی بەعس و چ بەرپرسانی ئیران، بوونی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و سیاسەتەکانی ئەو حزبەیان بەدژی خۆیان دەزانی، بۆیە یەکێتیان راسپاردبوو کە ئەو حزبەو چالاکیەکانی یاساغ بکەن. لەو چوارچێوەیەدا ئەم هێرشە چەکدارییە کرایە سەر حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و ئەم خوێنرێژییەیان لەناو جەرگەی شار و بەرۆژی روناک ئەنجامدا، بەو کارەش ویستیان خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکەن و نەیارانی دەسەڵاتیان بێدەنگ بکەن. هاوکات بە گرتنەبەری نەریتی بەعس بە دەست بەسەراگرتنی تەرمەکان و ڕێگەگرتن لە کەس و کاریان تا پرسە بۆ ئازیزانیان دابنین و بەشەو ژێر خاک خستنی بە کۆمەڵیان بەدوور لەچاوی کەس و کارو هاوڕێ و ئازیزانیان، پەیامی درێژەدان بە نەریی بەعسیان نیشانی خەڵکی کوردستان دایەوە.

ئەم هێرشە بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و رێکخراوە جەماوەرییەکانی نزیکی، بەجیا لەو دەستە قوربانییە، هاوکات بووە هۆی ئەوەی ژنانێک کە لەسەنتەری ژنان پاریزاو بوون بکەونە بەردەم هەرەشەو قەسابی کردن و بێ پشت و پەنا مانەوە. وە منالانێک کە لەسەنتەر بوون، بێ خانە کران. هەروەها حزب و کادر و ئەندامانی ریگەی کار وهەڵسوارانی سیاسییان لێ یاساغ کراو، نوسینگەکانی تالانکران.

سەرکردایەتی یەکێتی، کە هیچ ئەزمونێکیان لە دڕندەکانی پێش خۆیان و هاو نەریتان وەرنەگرتبوو، ویستیان بە ڕیگەی زەبرو زەنگ و هێرشی چەکداری، و نۆکەر پیشەیی خواستی سیاسی رەوا قەسابی بکەن... بەڵام نەک ئەم خەونەیان پوچ دەرچوو، نەک خواستی ئازادی و نە بەرگری لەخەڵکی بێخانەو لانەو بڕیاری ئازادانەی خەڵکی کوردستان، بە بەهێزی خۆی ماوەتەوە، بەڵکو هاوکات ئاکامی ئەم سیاسەتە دژە ئازادی و ئینسانیەیان، بەوە گەیشتووە، کە خەڵکی کوردستان خواستی راماڵینی ئەم جەنابانەو ئەزموون و دەسەڵاتەکەیانی کردوۆتە قیبلەنوومای دەست راگەیشتن بە ژیانێکی باشتر... ئێستا ئەوانیش وەکو هەموو هیزە درندەو دژە ئینسانیەکان، لە لیستی راماڵیندان و بێگومانیش لەگەڵ ڕاماڵینیان، سەرانیان لە سزای تاوانەکانیان دەرباز نابن و دەستی لێپرسینەوەی یاسایی و بە سزا گەیاندنی تۆمەتبارانیان، بەهەموو تۆمەتباران و نەخشە داریژەکانی دەگات و ئەوانەشی پێش دادگەیی مردوون، بەشێکن لەوانەی سزاکانیان بە کۆمەڵگە رادەگەیەنرێت.

## درێژەی: کابینەی نۆهەم کابینەی برسیکردن، تاڵانی، سەرکوت و بێمافی و کۆنەپەرستییە...

کاریکاتۆرێک و رۆپۆشێکە بۆ دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان و هاوکات بەجیا لە بانگەشەی پێش وەختەی هەڵبژاردنی داهاتوو، ئەگەر بە خێرایی سەیری کارو کردەوەی چوار ساڵەی ئەم کابینەیە بکەین... بە سادەیی پێچەوانەی بانگەشەی پارتی و میدیاکانی دەبینین.

پێوەری سەرکەوتنی هەر کابینەیەکی حکومی یان هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، بەوە دەپێورێک کە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بەرەوە باشتر بوون چووبێت. برسێتی کەم بوبێتەوە، هەژاری و بێکاری لەوانە سلکی خوێندن و پەروەردە، تەندروستی، بەرەو باش بوون هەنگاویان نابێت. ئاسایش و ئارامی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەکو ئاو کارەبا و سوتەمەنی، ریگاوبان، پێداویستیەکان و سەرگەرمیەکانی لاوان زیادیان کردبێ. سێکتەرە گرنگ و بناغەیەکانی کۆمەڵگە پێشرەوی  و ئاڵوگۆری ئیجابیان بەسەردا هاتبێت. گرفتی موچە و دواکەوتنی چارەسەر بووبێت. تاڵانی و دزی سیستماتیک بەری پێگیرابێت، مافی هاوڵاتیان لە ئاستی گشتی و فەردییدا، پارێزاو بووبن. ئازادییە سیاسیەکان، بەرین بووبێتنەوە. ئیرادەی هاوڵاتیان بەرەو سەر چوو بێت، ئومێدەواری باڵای کردبێت، ئاسۆی ئاییندەی سیاسی کۆمەڵگە بەرەو رۆشنی چووبێت.

ئەوەی کە لەدنیای واقعیدا هەموو هاوڵاتیەکی ئاسایی و هەر کەسێکی هوشیار و ئازادیخواز دەیبینێ، ئەوەیە... رادەی هەژاری و بێکاری و برسێتی زیادی کردووە. رۆژ بەرۆژ گرانی بەرەوسەر چووە. موچە لێدەبردرێت و دوادەخرێت. خزمەتگوزارییەکان نەک بەرەو وێران بوون چوون، بەڵکو ئەوانەی بە کەم کورتیش مابوونەوە هەرزان فرۆشی کەرتی تایبەتی کراون، سلکی تەندروستی وێرانەیە و بە نەخشەوە پشت گوێ خراوە تا خەستەخانە تایبەت و ئەهلیەکان قەڵەوتر ببن. بەدەیان هەزار ئینسان توانای چارەسەری نەخۆشیەکانیان سەردانی خەستەخانە تایبەت و ئەهلیەکانیان نییە. کەرتی خوێندن و پەروەردە بەتەواوی پاشەکشەی کردووە، هێشتا ریگاوبانەکان بە رێگای مەرگ ناو دەبرێن... خزمەتگوزاری زۆر سەرەتایی وەکو ئاو و کارەبا، سوتەمەنی مۆتەکەی سەر ژیانی خەڵکە... نەک ئاسایشی خۆراک و دەرمان بوونی نییە، بەڵکو لە میدیاکانی خودی دەسەڵاتەوە ئاماری هاوردەی خۆراکی ناتەندروست، دەرمانی ئیکسپایەر و بێ کوالیتی... بە بەڵگەوە دەخرێتە ڕوو. نەبوونی هەلی کار و سەختی ژیان و گوزەران، پۆل پۆل لاوان ناچار بە جێهێشتنی کوردستان دەکات، دزی و تاڵانی ئاشکرا، و بەیاسایکراو درێژەی هەیە... مافی هاوڵاتی بوون پێچراوەتە ئەندامەتی و لایەنگری حزبی و کەم کەسی سەربەخۆ دەتوانێت دەستی بەکار و دامەزراندن و کەڵک وەرگرتن لە ئیمتیازەتە وەزیفیەکان بگات. مافە فەردی و مەدەنیەکان بەردەوام لە ژێر هەرەشەدان و بەیاسای کۆنەپەرستانە و داعشیانە، مامەڵە دەکرین و بانگخوازە ئیسلامیەکان و سەلەفی و رەوتە سیاسیە ئیسلامیەکان، بە دەست ئاوەڵایەوە هێرش دەکەنە سەر هەموو ماف و ئازادییەکی فەردی و دەست وەردەدەنە وردو درشتی ژیانی گشتی و تایبەتی هاوڵاتیانەوە، هەرەشەو فتوایان بەردەوامە. ئازادی کاری سیاسی و رۆژنامەگەری بەبەردەوامی پێشێل دەکرێت و ئەم کابینەیە بووەتە رەمزو سەقافڵەی ناو هەموو کابینەکان لەدژی ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان و سیناریۆ سازکردن بۆ چالاکوان و هەڵسوڕاوانی سیاسی، یاسا بۆ خەلکی کرێکارو زەحمەتکیش، کاراو بۆ سەرمایەدار و بەرپرسە حزبی و بنەماڵەکان، گۆج و بێ کارایە. توندوتیژی لە دژی ژنان تا کوشتاریان هێشتا بێداد دەکات و هەرەشەکەران و  بکوژانیان، دەستی لێپرسینەوەی پێ ناگات و ئەگەر کەسانیکیش دەستگیر بکرێن دواتر و بەزووی و بەپاساوی شەرەف پاریزی یانیش لە بارەگای سولحی عەشایەریدا ئازاد دەکرێن.

بەجیا لەهەموو ئەمانە، هەرێم زۆر زیاتر لە پێشوو درزی نیوان زۆنەکانی گەورەبۆتەوە، قڵشتی زۆنەکانی گەورەترە، کابینەی حکومەت، کابینەیەکی نا هاوسەنگ و لێکترازاو بوو... چەندین مانگ تیمی وەزاری زۆنی سەوز بایکۆتی حکومەتیان کرد. گرژی بەردەوامی پارتی و یەکێتی، نائارامی هاولاتیانی زیاتر کردووە. دەستێوەردانی ولاتەکان و هێرش و کردەوەی ئینسان کوژیان لە هەرێمدا بەرەو سەرچووە. تا هاتووە گوشارەکانی بەغدا بەسەر هەرێمەوە زیادی کردووە، سیاسەتی تەعریب، لە ناوچە کیشەلەسەرەکان دوبارە زیندوکراوەتەوە... ئایندەی سیاسی کوردستان نا رۆشن و لەبەردەم هێرش و هەژموونی ملهوڕانەدایە.

بۆیە دەتوانین بە سادەیی و زۆر بەکورتی بلێین کابینەی نۆهەمی حکومەتی هەرێم، نەک هەر درێژکراوەی کابینە شکستخواردەوکانی پێش خۆیەتی، بەڵکو بووە رەمزی شکستی ناو هەموو کابیەنەکان.

**یەکێتی ئەم هێرشە چەکداری و خوێنرێژییەیان لەناو جەرگەی شار و بەڕۆژی ڕوناك ئەنجامدا، بەو کارەش ویستیان خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکەن و نەیارانی دەسەڵاتیان بێدەنگ بکەن...**

# بۆچی کۆبونەوەکانی ئەم دەورەیەی پارتی و یەکێتی، بێ ئاکامن؟

٩ی مانگ هەردوو وەفدی باڵای پارتی و یەکێتی، لە پیرمام کۆبوونەوە، دوای کۆبونەوەکە سەرۆکی یەکێتی رایگەیاند. "کە تەنها لەسەر دەرنەکردنی بەلاغێک ڕیکەوتوون... "هەروەها رایگەیاند یەکێتی مێژووە، خوێنی شەهیدانە، مێژووە، هیزە..."

فازیل میرانیش نەیشاردەوە کە هەم نزیکایەتیان هەبوو هەمیش جیاوازی و بە شێوەی مەتاتی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و باسی بەرپرسیاریەتی و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کرد.

ماوەیەکی زۆرە گرژییەکانی نێوان پارتی و بە جێگایەک گەیشتووە، کە نەک کۆبونەوەکانیان بە جێگایەک ناگات، بەڵکو لەکاتی ڕێکەوتنیشدا، ریکەوتنەکەیان بەرگەی ٢٤ سەعات ناگرێت. هەروەها ئێستا کۆتایی کۆبونەوەکانیان بە شکست رادەگەیەنرێت، بە هەرەشە بۆ کۆبونەوەی داهاتوو دەست پێدەکات.

ئەوەی کە بۆتە هۆی ئەوەی درزی پارتی بایکۆتی هەڵبژاردن، وەکو درێژەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لەلایەکی ترەوە. ئەم دوو گوشارە دەرەکی و ناوخۆییەن، پارتی و یەکیتی دەرگیری دۆخێکی بێ چارە کردووە... ڕێگای سێهەمیش هێشتا دیار نییە.

ئەم دۆخە کە پارتی و یەکیتی و سەرجەم بۆرژوازی کورد ڕووبەڕووی بۆتەوە، نەک بواری کردۆتەوە بۆ ئەلتەرناتیفی تر و هێزی تر، بەڵکو بۆشایەکی دروستکردووە، کە دەبێ پڕ بکرێتەوە... زوربەی هەرە زۆری خەڵکی متمانەیان بە پارتی و یەکێتی نەماوەو لەوەش زیاتر دژیانن و لە دەرفەتێک دەگەڕین، کۆتایی بەو دەسەڵاتە بهێنن. هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی ئێستا توانای جلّەوکردنی نارەزایەتی جەماوەری کوردستانی نییەو زۆر لەوە لاوازتر و بی نەخشە ترە بتوانێت خەڵکی کوردستان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و ببێتە بەدیلی


**ئەم دۆخە کە پارتی و یەکیتی و سەرجەم بۆرژوازی کورد ڕووبەڕووی بۆتەوە، نەك بواری کردۆتەوە بۆ ئەلتەرناتیفی تر و هێزی تر، بەڵکو بۆشایەکی دروستکردووە، کە دەبێ پڕ بکرێتەوە..**

و یەکیتی بەو ئەندازە بەرین بێتەوە، دوور نزیک پەیوەندی بە هیچ ماف و داخوازییەکی خەڵکی کوردستانەوە نییە، بەڵکو بەجیا لە کێشەی نێوانیان لەسەر دەسەڵات وداهات و خۆجوتکردن لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێستای بەغدا... پەیوەندی بە بێ ئاسۆیی سیاسی و دەستخاڵی دەرچوونە لە دۆخی سیاسی ئێستا و بی وەڵامییە لە بەرامبەر بە هەژموونی بۆرژوازی باڵادەستی عێراقی بەسەر دەسەڵاتی هەرێم و هەرەشەکانیان بۆ سەر قەوارەی سیاسی هەرێم. بەڵام بەجیا لە گوشارە بەردەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، پارتی و یەکیتی لە بەردەم دوو گوشاری تردان، گوشاری ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمریکاو غەرب بەداخوازی قورسی وەکو "یەکخستنی هێزی پیشمەرگە" و ئەنجامدانی "هەڵبژاردن"، لەلایەک و نارەزایەتی جەماوەری کوردستان و دەسەڵاتی شکستخواردووی پارتی و یەکیتی، بۆیە کۆمەڵگەی کوردستان وێڵی دوای بەدیلێکی ترە، بەدیلێک بتوانێت، لەسەر حاڵی لە گیانەڵای پارتی و یەکێتی، ئایندەیەکی تر بخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان و ژیان و گوزەران و ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان و ئایندەی سیاسی کوردستان.

تەمەنی پارتی و یەکێتی، لە گرەوی هاتنە مەیدانی ئەم بەدیلەدایە... تا ئەو بەدیلە دروست نەبێت، پارتی و یەکێتی بە لاوازی و نەخۆشی و دەیان دەردی بێ دەرمانی ترەوە، دەتوانن نەفەس بدەن و دەسەڵاتی بەزۆر داسەپاویان بەرگری لی بکەن...

**عەبدوڵا مەحمود**

# نامۆبوون بە مانای نەهامەتی بۆ کرێکاران!



نزیکەی هەموو ئەوانەی ڕۆژێک کاریان بۆ کەسێکی تر کردبێ دەزانن کە چەندە نامرۆڤانەیە. لە کۆتایی ڕۆژەکە هەست بە بێزاری و خەمۆکی و تورەیی دەکەیت. کارل مارکس بەمەی گووتوە نامۆبوون. ئەو دەستەواژەیە پێشتر لە لایەن نووسەرو فەیلەسوفی دیکەوە لە کاتی ژیانی مارکسدا بەکارهێنراوە، بەڵام تێڕوانینی مارکس ئەوە بوو کە کاری لەسەر بکات بۆ تێگەیشتن لە شێوازی کۆمەڵگەی سەردەم. مارکس وتی تاکەکان نامۆ بوون بەهۆی شێوازی پێکهێنانی کۆمەڵگە- بۆیە چارەسەر گۆڕینی کۆمەڵگەیە. زاراوەی نامۆبوون کورتەیەکە لە کۆمەڵێک دژایەتی لە فرۆشتنی هێزی کاری کرێکارانەوە بەرامبەر کرێ سەرچاوە دەگرێ. ئێمە بۆ مانەوەمان ناچارین هێزی کارمان بفرۆشین. کاتێک لە شوێنی کاردا نین زیاتر هەست بە مرۆڤ بوونی خۆمان دەکەین. ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی مانگرتن هەستێکی زۆر خۆشمان لا دروست دەکات. کاتێک خاوەنکارەکان لە کاری ئێمە پارە پەیدا دەکەن، وەک شتێکی مەزن پێشکەش دەکرێت.

## دروستکردن

کرێکار شتێک دروست دەکات و کرێیەک بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە وەردەگرێت. پاشان ئەو شتە بە زیاتر لەوەی کە تێیچووە دەفرۆشرێت، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی قازانجی خاوەن کارەکان. ئەمە چەوساندنەوەیە، پەیوەندییەکی بنەڕەتییە لە دڵی سیستمی سەرمایەداری. لەسەر ئەم پەیوەندییە بنەڕەتییە دامەزراوە - دزی، بەڵام دزی یاسایی کە بە یاساکانی سەرمایەداری شەرعییەتی پێدراوە. لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا کرێکار بەشێک لە خۆی دەخاتە ناو شتێکەوە بۆ گۆڕینی. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەوان بەشێکن لەو ئامێرەی کە قازانجی سەرمایەدارەکان بەرهەم دەهێنێت. بەشێکی تایبەت، بەڵام هێشتا هەر بەشێکە. ئەمەش کرێکار بێمرۆڤ دەکات - مرۆڤ کە ئارەزوو وە پێویستی ئاڵۆزی هەیە، دەخرێتە شوێنی بورغویەک لە ئامێرێکدا. لە کۆتایی پرۆسەکەدا کرێکار ڕووبەڕووی بەرهەمی کارەکەیان دەبنەوە. هی ئەوان نییە، بەڵکو خاوەنداریێتی بۆ خاوەن کارەکە دەگەڕێتەوە - مارکس بە نامۆبوون وەسفی ئەمەی کردووە. کەواتە کرێکار لە بەرهەمی ماندووبوونیان نامۆ دەبن. هەروەها لەخۆیان و لە یەکتر و لە جیهانی دەورووبەریان نامۆ دەبن، چونکە ئێمە لە جیهانێکی پڕ لە شتەکاندا دەژین کە بەهۆی کاری نامۆوە بەرهەم هێنراون.

## کار

کاری کرێکار وەک شتێک کە دەتوانرێت بکرڕدرێت لەلایەن خاوەن کارەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بەڵام خاوەن کارەکەش نامۆ دەبێت، چونکە ئەوان لە لوتکەی کۆمەڵگەیەکدا دادەنیشن کە هەموو شتێک لە ڕێگەی کاری نامۆوە دروست بووە. نامۆبوونیان سیمایەکی جیاوازی هەیە، چونکە سەرمایەداری مرۆڤایەتی ئەوان پشتڕاست دەکاتەوە لە کاتێکدا بۆ کرێکاران پێچەوانەکەی دەکات. لەبەر ئەوەی هەموو ئەم دژایەتییانە لە سەرمایەداریدا چارەسەر ناکرێن، کرێکاران هەڵیدەمژن. دەکرێت تورەیی ئاراستەی خاوەن کارەکان بکرێت، بەڵام بەرەو کرێکارانی دیکەش. هەر لەبەر ئەمەشە ڕەگەزپەرستی و جۆرەکانی تری ستەمکاری دەتوانن لە نێو چینی کرێکار زەمینە بەدەست بهێنن. تا ئەمڕۆش بەکارهێنانی زاراوەی نامۆبوون کێبڕکێی لەسەرە. لەسەر نامۆبوون لێکدانەوەی زۆر کراوە، یەکێک لەوانە هی لیبرالیزمە - کە پێی وایە ڕەگی نامۆبوون لەناو تاکەکاندایە و هەر بۆیە دەتوانرێت لە ڕێگەی چارەسەری تاکەکەسی چارەسەر بکرێت. لە واقیعدا نامۆبوون بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەدارییە. پێویستە کۆمەڵگەی چینایەتی هەڵبوەشێنینەوە ئەگەر بمانەوێت نامۆبوون بنبڕ بکەین.

**لە ئینگلیزیەوە کراوەتە کوردی**

**توانا محەمەد نوری**

**٧/٧/٢٠٢٣**

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...
bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ/ بەڕێز ئیبراهیم عەباس ڕۆژنامونووس وەڵامی پرسی ژمارەی داوەتەوە



**پرسی رۆژ: ١٠ ئەم مانگە چوار ساڵ بەسەر کابینەی نۆهەمی حکومەتی سێ کوچکەی" پارتی و یەکێتی و گۆڕان" دا، تێپەڕی... چۆن دەروانە ئەم خولەی کابینەی نۆهەم، ئایا ئەم کابینەیە کابینەیەکی سەرکەوتوو بوو یان شکست خواردوو؟**

**ئیبراهیم عەباس:** پرسی هەڵسەنگاندنی کارەکانی حکومەت و کابینە یەك لەدوایەکەکان، بەتایبەت کابینەی نۆیەم، هێندەی بۆ مەتح و پیاهەڵدانی ئەوانەیە بەئاگرو زەبری چەك دەستیان بەسەر حوکمڕانیدا گرتووەو کۆی جومگەکانی ژیانی ئابووری و هەموو پتەکانی حوکمڕانیان کۆنتڕۆڵ کردووە، هێندە هەقدان و خوێندنەوەی واقعی چوارساڵی ئیدارەو حوکمڕانی هەرێم نییە، ئەو حوکمڕانیەی لە ئاستی باڵا هێندە ناتەندروستە، خەریکە سەری قەوارە سیاسیەکەی هەرێم و ئازادیی دواى داگیرکاری خەڵکی کوردستان دەخوات. هەڵسانگاندنەکەش بەوە مافی پێنادرێت، کەسانی سەر بە ماشێنی کابینەکەو فوتێکراوی سەرۆك وەزیران بڵێن، سەرۆك وەزیران سەرکەوت، رەخنەگرانی ئەم حوکمڕانیەش بڵێن، سەرۆك وەزیران و کابینەکەی شکستی هێنا. بەڵکو گەر سەیری ئەو ئاڵوگۆڕانە بکەی کە چوارساڵە لەم هەرێمە روویانداوە، کە بەشی هەرە زۆری خەڵك هەستیان پێدەکات و ناچارە پەنجەیان لەگەڵ نەرم بکات، دەزانین بەناوی حوکمڕانی و تێپەڕاندنی نۆ کابینە هەموو شتێك کرابێت، کارێك نەکراوە کە کاری مرۆڤی دەوڵەتداری بێت، یاخود بۆ ئەوە شیاوبێت مرۆڤێکی تێگەیشتوو دڵی پێی خۆش بێت. سەرۆکی ئەم کابینە، کە باوکی بەر نەفرەتی ئەمریکاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەوت، لەسەر ئەو گەمەیەی پێی دەگوترا ریفراندم، لەیەکەم

**گەر سەیری ئەو ئاڵوگۆڕانە بکەی کە چوارساڵە لەم هەرێمە روویانداوە، کە بەشی هەرە زۆری خەڵك هەستیان پێدەکات و ناچارە پەنجەیان لەگەڵ نەرم بکات، دەزانین بەناوی حوکمڕانی و تێپەڕاندنی نۆ کابینە هەموو شتێك کرابێت، کارێك نەکراوە کە کاری مرۆڤی دەوڵەتداری بێت، یاخود بۆ ئەوە شیاوبێت مرۆڤێکی تێگەیشتوو دڵی پێی خۆش بێت...**

رۆژی سوێندخواردنی تا ئەم ساتە بەچاوی تۆڵە و خۆسەپاندن حوکمڕانی دەکات، هەر لەبەر ئەوەش دەرگای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەسەر کابینەکەیدا داخستووەو لەگەڵ هاوبەشە حوکمڕانەکانیشی بەهۆی فەرزکردنی ئیرادەی خۆی، لە دڕدۆنگیدایە و بارگرانیەکی زۆریشە بەسەر ژیانی خەڵکەوە. مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیران و ستافە ئەمنیەکەی گەورەترین هەڕەشە بوون بۆ سەر ئازادی کاری راگەیاندن و ئازادیە سیاسیەکان، بەکردەوەش ئاستی حوکمڕانی خۆیان هاوتەریبی ژێر دەسەڵاتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کرد، کە پێشتر بەتایبەت لە دواى روخانی سەدام ئومێدێك هەبوو هەرێمی کوردستان لەرووی ئازادیەکان و دیموکراسیەوە هەنگاوێکی تەندروست بچێتە

**مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیران و ستافە ئەمنیەکەی گەورەترین هەڕەشە بوون بۆ سەر ئازادی کاری راگەیاندن و ئازادییە سیاسیەکان، بەکردەوەش ئاستی حوکمڕانی خۆیان هاوتەریبی ژێر دەسەڵاتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کرد...**

پێش، بەم هۆیەوە هەرێمەکە رووەو سەربەخۆبوونی تەواوەتی بڕوات و ببێتە ئومێدێك بۆ کوردانی پارچەکانی تر.

ئەم کابینە بەهۆی ململانێی ئامۆزاکان، کاتێك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی هەشت ئامادە نەبوو مەلەفی نەوت و کانزاکان بداتە مەسرور بارزانی، بۆ دەستخستنی داهاتی زیاتر سەرۆك وەزیرانی کابینەی نۆ باج و رسومات و داهاتی گومرگی لەیەك بەرامبەرەوە تا تاسەدان بەرامبەر زیاد کرد، بەندە چوار ساڵ پێش ئەمڕۆ، لەکاتی راگەیاندنی کابینەی نۆ وتم، ئەگەر نێچیرڤان بارزانی مەلەفی نەوت ڕادەستی مەسرور بارزانی نەکات، ئەرکی سەرشانی هاوڵاتیان لەژێر باری باج و رسومات هێندە زیاد دەکرێت، وەکو ئەوەی لێدێت خەڵکی هەموو راهینە بن، کە بەداخەوە هەرواشی لێهات، ئەوەتا لەسایەی ئەم سیستمە دادۆشینەوە نەك کاڵاکان بێ ئەندازە گران بوون، لەگەڵیشیدا هاوشێوەی ساڵانی ئابلوقە ئابووریەکەی سەدام، نرخەکان جێگیرنین و ناشبن. راستیتان دەوێت مۆدیلی حوکمداری کوردی، بەتاییەت لەم کابینەیەدا رێك ئەوەیە کە دوژمنانی کورد دەیانەوێت، بەهۆی ئەجێندای حزبی، بنەماڵەیی و خانەوادەیی و کەسی، ئیدارەی هەرێم ئیفلیجەو ناتوانرێت بە ئاسانیش بخرێتە خزمەتی خەڵك و هاوڵاتیان. هەوڵدان بۆ بەهێزبوونی کەسەباڵاکان لەجیاتی بەهێزی ئیدارەو دامودەزگاکان، بەهایەکی بۆ حوکمڕانی نەهێشتۆتەوە، چونکە لە پەنایەوە حزبی چەکدارو کەسی چەکدار بەهێزو خاوەن پارەو رەفاهیەتن، خەڵکیش بێبەشکراو لە مافی ژیان و هەلی کار. سەرکەوتووبوونێك کە دەکرێت مەسرور بارزانی شانازی پێوە بکات، رادەستکردن و دۆڕاندنی مەلەفی نەوتە بە بەغدا، ئەو مەلەفەی خۆی و باوکی و نێچیرڤان بارزانی لە 2013 ەوە داهاتی وڵاتیان هاوشێوەی چەتەگەراکان تاڵان کردو دواى بڕیاری دادگای ناوبژی پاریس هەر هێندە فریاکەوتن ملکەچی و گوێڕاڵی بۆ حوکمدارە شیعەکانی بەغدا بنوێن و لێرەش بچنە لای دروێنەی گوڵەگەنمی جوتیارانی کوردستان و بڵێن پاروە نانێکیشمان هەبێت سەر بۆ بەغداد دانانەوێنین!.

*******



# نارەزایەتییە جۆراوجۆرەکان ناتوانن کاریگەری گرنگ بەدەست بهێنن بەبێ ڕێکخراوێکی سەراسەری

**نووسینی: عوسمان محەمەد**

زیاتر لە سی ساڵە ناسیۆنالیزمی کوردی پاڵپشت بە ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەسەڵاتدارە، تا ئێستا (٩) کابینەی حکومەتیان گۆڕیوە لەم ماوە درێژەدا سەرانی دەسەڵات بەجۆرێ کەڵەکەی سەرمایەیان کردووە کەلە ژماردن نایەت، تەنانەت خەڵکانێک کەلە دەوری ئەوان بوونە لە ژیانێکی شاهەنەدا ئەژین، لەم لاشەوە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ئازادیخواز جگە لەوەی لە ژیانێکی کولەمەرگیدان نارەزایەتیەکانیشیان بەشێوەی جۆراوجۆر سەرکوت ئەکرێن و ڕابەرەکانیشیان یان تیرۆر ئەکرێن یان لە زیندانە تاریکەکاندا توند ئەکرێن.

ڕۆژ نییە هەواڵێکی ناخ هەژێن بەرق ئاسا بڵاونەبێتەوەو سەرو دڵی ئینسانی ئازادیخواز نەگرێ، لەماوەی ئەم سی ساڵەدا چەندین هەزار ئافرەت تیرۆر ئەکرێ بە بەهانەی ناموس پەرستی، هەر لەم ماوەیەدا چەندین خەڵکی ئازادیخواز لەسەر بیروبۆچوونی جیاواز تیرۆر کراون، تەنانەت لەناوخۆی حزبەکانی خۆیاندا مخالفینی سیاسی تیرۆرو دەرمانخوارد کراون، فەرمانبەرانی کوردستان سەدان ملیار دیناریان بەزۆر پاشەکەوت کراوە کەسیش نازانێ ئەم پاشەکەوتە کەی لەدیلی دەرئەچێ و ئەدرێتەوە، ئەوە ئاو و کارەباو سووتەمەنی بەو جۆرەیە کە بە چاوی خۆتان ئەبینن جادەو شەقامەکان نەک بۆ ئۆتۆمبێل ناشێ بەپیادە ڕۆیشتنیش ئەبێ وریا بین نەکەوینە چاڵێکەوە. هیچ ساڵێک نابینی کە زستانەکەی بە سەلامەتی تێپەڕێ و لافاو چەندین خێزان بێ دەرەتان نەکات. زستان لافاو و هاوین بێ ئاوی خەڵکی کوردستانی هەراسان کردووە، هەموو ساڵێک کەس و کاری ئەنفال کراوان لە ٤/١٤ دا گردبوونەوەو نارەزاییەتی ئەنجام دەدەن و داواکارییەکانیان بەنوسراو ئەدەنە دەستی سەرانی دەسەڵاتەوە کەسەرەکیترینیان دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال کراوانە ئەوانیش هەر دوای مەراسیمەکە نامەکە ئەخەنە تەنەکەی زبڵەوە.

لەهەموو جیهانا وڵاتێک نابینی لەتاوانبار خۆشبێ و نەیداتە دادگا بۆ ئەوەی حەقی تاوانەکانی وەرگرێتەوە، بەڵام لە کوردستان زۆر کەس تاوان ئەکات و وەک بەرزی بانان بۆی دەرەچێ و لەگوولێ کاڵتری پێ ناوترێ.

ئەمەی کەلەسەرەوە باسمان کرد مشتێکە لە خەرمانی ئەو تاوان و هێرشانەی کەبەسەر خەڵکی کوردستانەوەن.

"ئەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان هەڵوێستیان چی بوو؟

تائێستا یەک شکڵی سیاسی لە کوردستان لەماوەی ئەم سی و دوو ساڵەدا درێژەی هەیە، ئەویش دەرکردنی بەیاننامەی نارەزاییەتی لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و مەحکوم کردن و دەنگ هەڵبڕینی تاکە کەسی یان نارەزایەتی لە ڕشتەیەکدا، مامۆستایان مان ئەگرن کارگەو کارخانەکانی کرێکاران بەدەنگیانەوە ناچن ژنان قوتابیان کارمەند و کرێکارانی پزیشکی......هتد.

هەر ڕشتەیەک کەمانگرتن بەرێ ئەخات بەتەنها خۆیەتی ئەمە وای کردووە کەدەسەڵاتداران گاڵتەیان پێی دێت زۆرجار بۆماوەیەکی درێژ ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانە بەردەوامیان هەیە دەسەڵاتداران هەر وەڵامیان نادەنەوەو بەئەشکالی جۆراوجۆر خەفەیان ئەکەن لەباری ئەبەن کەس و کاری ئەنفال بەتەنیا هەموو ساڵێک نارەزایەتی دەرەبڕن، بەڵام نەیانتوانیوە هیچ دەسکەوتێ بەدەس بێنن تائێستا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئازادیخواز تیرۆرکراوە دوای چەند ڕۆژێ نارەزاییەتیەکان کپ بۆتەوە بەبێ دەسکەوت، ئەزانن ئەم هاتووهاوارە چەند ڕۆژێک ئەخایەنێت وکۆتایی پێ دێت بۆیە ئەو ماوەیە خۆیان ئەکەن بە کەڕەی شەربەت و بێدەنگی هەڵئەبژێرن بکەرانی تاوانەکەش بەبێ هیچ سزایەک لێی دەرەچن، تا ئێستا ناوی چەندین مەلاو بانگخواز لە تۆڕە کۆمەڵاییەتیەکانەوە باسکراوە کەلەپشتی تیرۆرەوەن، بەڵام لەگوولێ کاڵتریان پێ ناوترێ ئەگەر بەتەمای دەسەڵاتن ئەمانە بگرێ و دادگاییان بکات ئەوا دەسەڵات خۆی ڕێخۆشکەرە بۆ تیرۆری ئەو خەڵکە ئازادیخوازە، بۆیە ئەبێ خەڵک بەیەکگرتووی خۆی وەڵامی توند بەدەسەڵات و بکوژان بداتەوە ئەگەر خەڵک ڕێکخراو و کۆکراوەو یەک دەنگ بێ ئەوا هیچ دەسەڵاتێک ناتوانی بەهەزاران سیاسەتی فریوکارانە ڕێزەکانیان پەرشووبڵاوە پێ بکات، ئەو هەموو ناحەقی و ناعەدالەتیەی کەلە کۆمەڵگەدا هەیە تەنها بەیەکگرتن و ڕێکخراو بوون ئەتوانن مافەکانیان بەدەست بێنن. بوونی ڕێکخراوێکی جەماوەری لەکوردستان کەلەدەوری پلاتفۆرمێکی چەندخاڵی گردوکۆبن سەرەتای دەست پێ کردنی ڕزگاربوونی خەڵک و دونیایەکی باشترە.هێزو توانای خەڵک لە ڕیکخراوبوونیدایە...



# لە سەردەمی دوو کاریزماکەدا پێنج کۆمۆنیست خەڵتانی خوێن کران!

**نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە**

لە ١٤ ی تەمووزی ٢٠٠٠دا پێنج کۆمۆنیستی کرێکاری لە لایەن میلیشیاکانی یەکێتی نیشتمانی لە گردی عەلی ناجی شاری سلێمانی لە کاتی گفتوگۆی نوێنەرانی هەردوولا واتە یەکێتی وکۆمۆنیست، لە بۆسەیەکی ئەو میلشیانەدا زۆر بێ بەزەیانە درانە بەردەسترێژی گوللە لە ئۆتۆبیلەکەیاندا گیانیان لەدەستدا. سەرکردەی میلێشیاکەی یەکێتی نەوشیروان موستەفا بوو کە بەکاریزماکەی بزووتنەوەی گۆڕان وباوکی هەژاران دەناسرێ لەلایەن لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیەوە، هەر لەوکاتەدا جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی بوو کە ئەم تیرۆرە ئەنجام درا، ئەویش بە کاریزمای یەکێتی و بە سەرکردەی سوڵح و ئاشتی دەناسێنرێ لە لایەن لایەنگرانی یەکێتیەوە. زۆر کات دەڵێن ئەگەر خودی نەوشیروان و جەلال تاڵەبانی زیندوو بونایە ئێستا بارودۆخی کوردستان باشتر دەبوو، بەڵام ئەم تاوانە گەورەیەی بەرانبەر ئەم کۆمۆنیستانە کراوە نموونەیەکە لە بارودۆخێک کە ئەوان سەرکردەو ڕابەڕ بوون تێدا. دەبێ چی لەوە خراپتر بێت؟ با باسی ئەمەش بخەینە لاوە ئایا لەسەردەمێکدا ئەوان سەرکردە بوون کە لەشاخ و لە شاردا بوون تاوانی زۆریان ئەنجام نەدا؟ ئایا ئەوان نەبوون چەندین کەسی خۆیان و خەڵکی تریشیان تیرۆر نەکرد؟ ئایا لەسەردەمی ئەواندا نەبوو چەندین پیلان بۆ تیرۆری نوسەر و ڕۆژنامەنووسان دانراو وهەندێکیان تیرۆر کران و هەندێ پیلانەشیان سەری نەگرت وەک پیلانەکەی بۆ فواد مەجید میسری نرایەوە لە لایەن نەوشیروان موستەفاوە؟ ئایا ئەوان نەبوون لەگەڵ عەلی حسن و مەجید وعیزەت دووری و سەدام حسین یەکتریان لە باوەش گرتوو ئەملاو ئەولایان ماچ کردن ؟ بەڵێ ئایا لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەواندا نەبوو گەندەڵی ودزی وتاوانی ژن کوشتن هەبوو؟ ئایا لەسەردەمی ئەواندا کە سەرکردە بوون لە دەسەڵاتدا بوون، خەڵک ئاو و کارەبای هەبوو؟ هەلی کارو بیمەی بێکاری و بیمە کۆمەڵایەتیەکان هەبوون؟ چارەنوسی کوردیان یەکلایی کردەوە؟ ئازادی ڕادەربڕین هەبوو؟ نەخێر ئایا لەسەردەمی ئەواندا نەبوو هەڵەبجە تەسلیم بە جمهوری ئیسلامی کراو حکومەتە فاشیستەکەی بەغدا لە تۆڵەی ئەوەدا هەڵەبجەی کیمیا باران کرد؟ بەڵێ. بێمەوە سەر ئەو تاوانەی دەرهەق بە بە پێنج کۆمۆنیستی کرێکاری کرا لە ڕۆژی ڕووناک و لە نیوەڕۆدا غافیڵگەرانە درانە بەر گوللە و دواتریش تەرمەکانیان نەدانەوە بەکەسوکاریان و ڕێگەشیان نەدان پرسەیان بۆ دابنێن ئەم ڕەفتارە چ جیاوزایەکی هەبوو لەگەڵ ڕەفتارەکانی ڕژێمی بەعس؟ تاوانی ئەمانە ئەوە بوو لەو کاتەدا داوای نەمانی دزی وگەندەڵیان دەکرد و داوای یەکسانی ژن وپیاویان دەکرد و داوای ڕیفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکرد، داوای گەڕانەوەی سامانی کۆمەڵگەیان دەکرد کە لەدەست چەتە مافیاکانی دەسەڵاتدا بوو وە دەیانویست سامانی کۆمەڵگە بۆ خودی کۆمەڵگە بێت، دەیانەویست ئەم بارودۆخە خراپەی ئێستای کوردستان نەیەتە ئاراوە . بە ڕاستی ئەم جۆرە سەرکردانە تاوانبار بوون کە تاوانێکیان دەرهەق بە پێنج لاوی خوێن گەرمی هەژاران کرد.. ئایا دەکرێ بەم جۆرە سەرکردانە بووترێ کاریزماو دڵسۆزی خەڵکی کوردستان ؟ نەخێر هەرگیز ئایا دەکرێ بە کەسێکی وەک جەلال تاڵەبانی بووترێ پیاوی سوڵح وئاشتی وئازادی وتەبایی یا بە نەوشیروان بووترێ باوکی هەژاران؟ نەخێر وهەرگیز نەخێر، لە کۆمەڵگەیەکەدا دادپەروەری و یاسا هەبێ ئەبێ ئەم جۆرە کەسانە دادگایی بکرێن ولە زینداندا بن نەک بە کاریزما بناسێنرێن.

## هێزی چینی کرێکار، لە یەکگرتووبوون و ڕێکخراوبوونیدایە!



## پرسی ژن

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**



# منداڵانی پەنابەر تاکە دۆڕاون لەو ململانێیەدا...

دلێر محەممەد نوری

بەگشتی ئەگەر دایک و باوکی منداڵێکی پەنابەر، پەنایان بۆ وڵاتێکی ڕۆژئاوا نەبردایە، پێویستیان بە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە لێیەوە هاتوون نەدەبوو. لە وڵاتی دایکدا، دایک و باوک و دراوسێ و مامۆستا و مەلا و هەموو سیستەمەکە، دوور لە یەکتر بیر ناکەنەوە و کەمترین ناکۆکیی لە نێوان یەکتردا، سەبارەت بە پەروەردەکردنی منداڵەکان شک ئەبەن. لە وڵاتی دایکدا خێزان لە لایەک و کۆمەڵگەش لە لایەکی دیکە نییە و هەمووان پێکەوەن و لە یەک بەرەن. دایکان و باوکان لەوێدا بارگرانییەکی ئەوتۆیان لەسەر شان نییە، چونکە دەتوانن متمانە بە مامۆستایان و مەلاکان و سیستەمی پەروەردەش بکەن، بۆ ئەوەی پشتی مناڵەکانیان بگرن، بەو جۆرەی باوان بە گونجاوی دەزانن. منداڵانی وڵاتی دایکیش ئەو پێوەرانە پەیڕەو دەکەن کە هەمووان لەسەری ڕێککەوتوون. بۆیە خۆیان وەک دژبەری نە کۆمەڵگە و نە دایک و باوکیان نابینن.

ئەم دۆخی مناڵانی کوردە لە وڵاتی خۆیاندا لە دۆخی مناڵانی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەچێ، لە ڕووی ئەوەی کە دایک و باوکێکی ڕۆژئاوایی لە بنەڕەتدا ڕۆژئاواییین و لە ڕۆژئاوا دەژین و ژیاون. بەڵام ئەگەر خێزانێک لە کوردستانەوە پەنا بۆ ڕۆژئاوا ببات، جا یان بە منداڵەوە یان ئەگەر دواجار لەوێ مناڵ بخەنەوە، ئەوا ئەم خێزانە لە ڕۆژی یەکەمەوە لەگەڵ کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا دەکەونە ململانێ وە. ململانێکەش پەیوەندیدارە بە بەها جیاوازەکان، تێڕوانینەکان بۆ ژیان، شێوازی پەروەردەکردنی مناڵان. خێزانی پەنابەرە کوردەکان سەر بە کۆمەڵگەیەکی دەستەجەمعین، لە کاتێکدا کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان ڕوانگەیەکی تاککەرایيان هەیە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لە نێو کۆمەڵگەدا.

زۆرجار منداڵێکی پەنابەر لە ڕۆژئاوا دەبێتە پڕۆژەیەک بۆ ناکۆکی ناپێویست لە نێوان کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان و خێزانی پەناهەندەکان.

خودی خۆم سێ منداڵم لە تاراوگە پەروەردە کردووە و تێبینیم کردووە کە ئەگەر، ئێمە وەک دایک و باوکێک لەگەڵ منداڵەکانماندا، بەو جۆرە کار نەکەین، کە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێرە، لایەنی کەمی گونجان هەبێت، دەبێت دەست بدەینە خولقاندنی ناکۆکی ناپێویست، لە نێوان خۆمان و کۆمەڵگاکەدا. چونکە منداڵان لێرە، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا، وابەستەیی بەم کۆمەڵگایانەوە دروست دەکەن. ئەگەر چی گومانی تێدا نییە کە منداڵان بە هەر شێوەیەک بێت لە نێو خێزانەکانیاندا زۆر دڵخۆشن. بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیشیاندا، وردە وردە سەرقاڵی باخچەی ساوایان و قوتابخانە و هاوڕێیانی ڕۆژئاواییش دەبن. بۆیە دەکەونە نێوان دوو هەڵبژاردووە. ئەوان ئیتر لە نێوان خۆشەویستی خێزان و سەر بە کۆمەڵگەبوون گیر دەخۆن. چونکە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان و خێزانە نەریتییە پەناهەندەکان، لە ململانێیەکی شاراوەدا تێوە دەگلێن. ململانێکە بە جۆرێکە، لە لایەک خێزان هەوڵ دەدات بیروباوەڕ و کولتوور و نۆرمەکانی خۆی بگوازێتەوە بۆ منداڵەکانی، کە لە نیشتمانەوە لەگەڵ خۆیان هێناویانن. کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییش هەوڵدەدات ئەم منداڵانە تێکەڵ بە خۆی بکات، بە مەبەستی کەمکردنەوەی جیاوازی و فرەچەشنی لە تێڕوانین و بەڕێوەبردنی ژیاندا، بۆ ئاسانکاری مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی نێوان تاکەکانی نەوەی داهاتوودا.

هەردوو لایەنی ئەم ململانێیە بە پێویست دەزانن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و ژیانییەکانیان کۆشش بکەن. خێزان وای بە باش دەبینێ کە لە بەرژەوەندی خۆیان و منداڵەکاندایە کە هەر بەوجۆرەی کە لە نیشتماندا بوون بژین. ئەوان دەیانەوێت هەمان ئەو پەیامە کۆنە بگوازنەوە بۆ مناڵەکانیان، کە لە سەردەمێکی جیاواز و شوێنێکی جیاوازەوە هاتووە لەوەی کە نەوەی ئێستایان تێیدا دەژین. کۆمەڵگە ڕۆژئاوایی و شارستانییەکانیش پێیان وایە بیرکردنەوەیەکی لەم شێوەیە لە نێو بنەماڵە پەنابەرەکانەوە، جیاوازی بنەڕەتی لە بیرکردنەوە و ڕەفتاری نەوەکانیان دروست دەکات لە داهاتوودا.

لێرەشدا تاکە قوربانی منداڵانی پەنابەرە. کە ناچار دەکرێن لە لایەکی ململانێکاندا بوەستن. ئێمە لەبەردەم ململانێیەکی سیاسیدا نین کە بە توندوتیژی چارەسەر بکرێت. لێرەدا باس لە ململانێیەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی دەکەین کە پەیوەستە بە چارەنووسی نەوەکانی داهاتووی پەنابەرانەوە.

لێرەدا کاتی ئەوە هاتووە گرنگترین پرسیارەکان لە یەکلاکەرەوەترین بابەتی ژیانی لە داهاتووی ژیانی مناڵانی تاراوگە بکەین:

– ئایا جگە لە دانوستان لە نێوان هەردوو لایەنی ململانێکە، ڕێگای دیکەی کاریگەر هەیە؟

– ئایا بژاردەی زیاترمان هەیە لەوەی، لە دەوری مێزێکی بازنەییدا دابنیشین، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەموو کێشەکان و چارەسەرکردنیان؟ چونکە دواجار مناڵانی تاراوگە بەشی خێزان و کۆمەڵگاشی پێوەیە و پەیوەندی ئەم دوو لایەنەش پەیوەندی سەردەست و بندەست نییە.

–ئایا ئەوەندە قورسە بۆ دایک و باوکانی پەنابەر کە تێبگەن کە ژیانی منداڵەکانیان تەنها هی خۆیانە و بەو هەموو ململانێیەی کە لە ئێمەوە بۆیان ماوەتەوە، لە کۆمەڵگەدا، دواجار ئێمە دەمرین و مناڵەکان ئازارەکەی دەچێژن؟

– ئایا ئەستەمە کۆمەڵگەی نەرویجی و دەسەڵاتەکان لەوە تێبگەن کە خێزانە پەنابەرەکان بەشێکی گرنگن لە ژیانی منداڵانی پەنابەر و ئەگەر تەنگییان پێ هەڵچنن، ئاسانە بۆ منداڵ خێزانەکەی خۆی هەڵبژێرێت بەسەر کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکەدا، تەنانەت ئەگەر بێت ئەوەش بزانێت کە باوانیشی لەسەر هەڵەن. دواجار ئەمەش هەر لە قازانجی کۆمەڵگادا نییە؟

لە ژێر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا بە حیکمەتێکی عەرەبی کۆتایی دێنم کە دەڵێت:

"باشترینی هەڵبژاردنەکان ناوەندییەکەیانە".

لە ناوەندی ئەم ململانێیەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان و باوانی منداڵانی پەنابەردا، مناڵەکانمان وەستاون. بۆیە باشترین شت کە بتوانین هەڵیبژێرین، داهاتووی منداڵەکانە نەک سەرکەوتنی لایەنێکی ململانێ بەسەر لایەنێکی تردا...

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.


* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای ڕەسام، حەکیم میرزا



# ئێوە چیبوون؟

“بۆ پێنج ئەستێرە سوورەکەی خەباتی چینایەتی لە کوردستان، کە بە دەستی چەتەکانی مافیا-ڕەفتاری ناسیونالیزمی کورد کوژێنرانەوە."

**شیعری: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**

ئێوە چیبوون؟

ئێوە دەچوون لەنێو کوونە ڕەشەکانی ژیانەوە
ئەڵماسی ئاوات و
هەتاوی باوەڕتان دەردەهێنا و
دەتان دایە منداڵە پێخاوسەکانی نێو گەڕەکە
قیڕنەکراوەکانی شار
دەچوون بزەتان دەبرد بۆ منداڵە
عەللاگەفرۆشەکانی ناو بازاڕەکان
یانیش لەسەر فلکەکانی شار دەوەستان و
فرمێسکی کلێنسفرۆش و بنێشت فرۆشەکانتان
دەسڕییەوە
ئێوە بوون دەچوون بەناو وشەکانی کتێبەکاندا
دەگەڕان و
مۆمی شیعر و
دڵی پڕ لە جۆش و
عەشقی ئینسان و
بارانی ئومێدتان تێدا دەدۆزییەوە و
دەتان برد لەسەر گۆڕی گیانبەختکردووانتان
دادەنا
ئێوە ئێواران دەبوون بە تریفەی ڕەنگاوڕەنگ و
لەدەوری قامەتی خێڵی بەشمەینەتان
دەسووڕانەوە
حیکایەتی شەوەتوونەکانی ستەم و
حەسرەتی سەردابەکانی تەنیاییتان بۆ
زەحمەتکێشان دەگێڕایەوە
ئێوە لەودیو سنوورەکانی ترس و
لەودیو تەلبەندەکانی هەڕەشە و
لەودیو هێڵە سوورەکانی خێڵی نەهامەتهێنەری
دەست سوور بە خوێنی ئازادی
لەوپەڕی مەیدانی بزمارێژکراوی دژایەتی و
بەگژاهاتن
ئا لەودیو ئاسۆی هەموو بینینە ڕەشپۆشەکانی
چاوەوە
دەبوون بە خۆر
هەموو ڕۆژێ بەسەر کەلی ژیانی
کارگەرانەوە هەڵدەهاتن
دەبوون بە بارانی وزە و دەبارینە
سەر جەستەی کەنەفتی ئەم ژیانە
قوورسە
ئێوە دەبوون بە هیوا و ڕۆدەچوونە
ناخی دڵە بیمارەکان
دەبوون بە عەشق و
ئێوارانیش دەبوون بە
خۆشەویستییەك
بزەتان دەنایە سەر لێوی کچە غەمبارەکان
لەگەڵ سپێدەی ڕۆژی نوێش ئێوە دەبوون بەگڕ بۆ
هەڵقرچاندنی ستەم
دەبوون بە دەنگی بانگەواز بۆ یەکسانی و
سۆشیالیزم
دەبوون بە خوێن بۆ دەماری دڵی سبەینێیەکی
نوێ
ئێوە ئێستا نەمردوون و هەموو ڕۆژێ یەکێ
دوانتان لای سەهۆڵەکە وەستاون
یاخود لە شەقامی باتە بەدەم پیاسە لەگەڵ
ئاراس باسی مارکس بۆ کرێکارانی نەسیج و
ئەلبان دەکەن
یان لە سمێڵ دەبن بە مێوانی ئارام
یانیش لە هەڵەبجە و هەورامان و پشدەر و
گەرمیان
خەریکن لینین دەبەن بۆ یەك بە یەکی ماڵانی
بازوو پۆڵاینی ئەو دەڤەرانە
ئێستا ئێوە لە شەوانی ساماڵی هاوینی شاردا
پێنج ئەستێرەی ئاسمانی خەباتن
پێنج هەڵمەت بەری شکانی ستەمگەرن
پێنج دەریای تینوێتی بیابانی ئەوین و عەشق
شکێنن




پێنج شاخی پڕ لە دەنگ و پڕ لە هاواری ئازادین
پێنج ڕەنگی پەلکەڕەنگینەی تێکۆشانن
پێنج برینی قەتماغ نەبەستووی جەستەی خەباتن
پێنج شیعری تەواونەکراوی قەسیدەی
سەربەستین
ئێوەن زیندوو لەگەڵماندان
لە کۆڕماندان
لە نێو خەون و نێو دڵماندان
ئێوە ڕێنیشاندەری ڕێگان بۆیە هەردەم لە
یادماندان.

تەمموزی ٢٠١٦

**تێبینی :**

**ئاراس : ئەرسەلام مەولود، خەباتگێڕی کۆمۆنیست و پێشمەرگەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو کە لە خۆپیشاندانەکەی تەمموزی ساڵی ١٩٩١ لەشەقامی باتە لە شاری هەولێر لەلایەن ئاسایشی پاریزگای هەولێر درایە بەر دەستڕێژی گوللە و گیانی لەپێناو ئامانجی بەرزی ئینسانیی بەختکرد.**
**ئارام : نەزیر عومەر، کادری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و یەکێتیی بێکاران لە کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن چەند چەکدارێکەوە دەڕفێرێ و پاشان تیرۆر دەکرێ...**




## بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی بیست و یەکەم

### ریفۆرم و شۆڕش

# یاساکانی کار و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

تا ئەوکاتەی کە سەرمایەداری بەسەر ژیانی ئینسانەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکات، تا ئەوکاتەی کە تاکەکان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆیان ناچار بە فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان و ئەنجامدانی کار بن بۆ سەرمایە و ئەوانەی کە هۆیەکانی بەرهەمهێنانیان لە دەستدایە، تا ئەوکاتەی کە نیزامی کاری بەکرێ و کڕین و فرۆشتنی هێزی کاری ئینسانەکان لە ئارادایە، هیچ یاسای کارێک، هەرچەندە کۆمەڵێک ماددە و پەراوێزی بە قازانجی کرێکاران تێدا گونجێنرابێت، هێشتا یاسای کارێکی بە ڕاستی ئازاد و کرێکاری نییە. یاسای کاری ڕاستەقینەی کرێکاران، ڕەتکردنەوەی نیزامی کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکە کە تیایدا هەرکەسێک خۆبەخشانە و بەپێی تواناو داهێنانی خۆی لە بەرهەمهێنانی هۆیەکانی ژیان و باشبژێویی گشتیدا بەشداری دەکات و بەپێی پێویستیەکانیشی کەڵک لە بەروبومی ئەم کۆششە هەرەوەزییە وەردەگرێت.

بەڵام لەهەمانکاتدا، لە هەرشوێنێک و تا ئەوکاتەی کە نیزامی کاری بەکرێ لە ئارادایە، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری تێدەکۆشێت بۆ سەپاندنی هەلومەرجێکی وا بەسەر یاسا و پەیوەندیەکانی کار لەم نیزامەدا کە لانی زۆری ئاسایش و باشبژێویی شیاو و گونجاوترین هەلومەرجی کار بۆ کرێکاران دابین بکات و هەرچی زیاتر چینی کرێکار و هەموو هاووڵاتیان لە دەرهاویشتە زیانبارەکانی نیزامی کاری بەکرێ بپارێزێ. هەروەها کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم خەباتەدا بۆ هێنانەکایەی جۆرە هەلومەرج و ڕێوشوێنێکی کار تێدەکۆشێت کە چوونەسەری هۆشیاری چنایەتی و توانای خەباتکارانەی چینی کرێکار بە باشترین شێوەی مومکین مەیسەر و ئاسان بکات.

یاساکانی کار و باشبژێویی کۆمەڵایەتیش وەک هەموو ماف و ئەرکەکانی دیکەی هاووڵاتیان دەبێ بەبێ هیچ جیاکاریەک کرێکارانی هاتوو وە هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لە دەرەوە هاتوون و نیشتەجێی وڵاتن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لایەنگری یەکسانیی تەواوی هەموو کرێکارانە لە وڵاتدا لە ڕووی مافەکانیانەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامە، ئینتمای نەتەوەیی، دین، جنسو□تاد. سەرخەتی خواستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە بواری یاساکانی کار و باشبژێویی کۆمەڵایەتیدا بریتین لە:

## یاسای کار

ئازادیی تەواو و بێقەیدوشەرتی ڕێکخراوبوونی کرێکاران.

ئازادیی تەواو و بێقەیدوشەرتی مانگرتن. مانگرتنی کرێکاری پێویستیی بە هیچ مۆڵەت وەرگرتنێک نییە لە دەوڵەت و دامودەزگا دەوڵەتیەکان. دانی کرێی تەواو بۆ ڕۆژەکانی مانگرتن. مافی یەکسان بۆ مانگرتووان بۆ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی دەستبردنیان بۆ مانگرتن و وەڵامدانەوەی قسەکانی دەوڵەت و خاوەن کارەکان لە میدیاکانەوە. قەدەغەکردنی نایاسایی‌کردنی ئەم یان ئەو مانگرتن بەبیانووی وەک "بەرژەوەندیە میللی و نیشتمانیەکان"، "هەلومەرجی نائاسایی"، "هەلومەرجی شەڕ" و□شتی تر.

قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مانگرتنشکێنەکان وەیان بەکارهێنانی هێزە سەربازی و پۆلیسیەکان لە جێگەی مانگرتووان لە هەموو دامەزراوەکاندا، چ تایبەتی و چ دەوڵەتی.

مافی دەست لەکارهەڵگرتن بۆ ئەو کرێکارانەی کە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە هەڵسوکەوت و کارکردی خاوەنکار و دەستوپێوەندەکانی، یان مەسەلەی سەلامەتیی شوێنکار وەیان سەرهەڵدانی کێشەی پێشبینی نەکراو لە شوێنی کاردا، بەشێوەیەکی کاتی کار ڕادەگرن بۆئەوەی وەڵام بە ناڕەزایەتیەکەیان بدرێتەوە.

ئازادی پیکیت لەبەردەم دامەزراوەکاندا. ئازادیی هەمووان لە پەیوەستبوون بە پیکیتە کرێکاریەکانەوە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەو دامەزاوەدا کاردەکەن یان نا.

پیادەکردنی دەستبەجێی لانی زۆر ٣٠ سەعات کار لە هەفتەدا (٥ ڕۆژی شەش سەعاتی)، ٢٥ سەعات لەهەفتەدا بۆ کارە سەختەکان، وە دەبێ بە ڕێکوپێکی و بەردەوام هەموو ٥ ساڵ جارێک کەم بکرێتەوە. کاتەکانی نانخواردن، ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هاتوچۆ، کاتی خۆشتنی دوای کار، کاتی وانە خوێندن بۆ فێربوونی خوێندەواری و فێربوونی تەکنیکی و کاتی کۆبوونەوە گشتیەکان دەبێ بە بەشێک لەسەعاتکار بژمێردرێن.

دوو ڕۆژ پشووی لەسەریەک لە هەفتەدا. گۆڕینی ڕۆژانی پشووی هەفتە بۆ شەممەو یەکشەممە بەمەبەستی هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهاندا و بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا. لانی کەم ٣٠ ڕۆژ مۆڵەتی ساڵانە. مۆڵەتی کورتخایەنی کوتوپڕ بەبێ داشکاندن لە کرێ، سەرباری مۆڵەتی ساڵانە، بۆ بەدواداچوونی گیروگرفتە پێشبینی نەکراوە شەخسی و خێزانیەکان. کرێکارانی ژن بۆیان هەیە لە مانگێکدا بەوجۆرەی کە خۆیان دیاری دەکەن دوو ڕۆژ مۆڵەت وەربگرن بۆ سوڕی مانگانە.

قەدەغەکردنی زێدەکاری. هەقدەستی ئاسایی کرێکاران دەبێ لەئاستێکدا بێت کە هیچ کرێکارێک لەبەر پێداویستیی ئابووری، ناچارنەبێت مل بە زێدەکاری بدات.

دانانی ڕۆژی یەکی ئایار بە پشووی ڕەسمی وەکو ڕۆژی جیهانیی کرێکار.

دانانی ڕۆژی 8 ی مارس بە پشووی ڕەسمی وەکو ڕۆژی جیهانیی ژنان.

قەدەغەکردنی هەرجۆرە کارێکی لەبابەتی پارچەکاری و کاری کۆنتەراتی.

دیاریکردنی لانی کەمی کرێ لەلایەن نوێنەرانی کرێکارانەوە.

چوونەسەری ئۆتۆماتیکی لانی کەمی کرێ پێبەپێی هەڵاوسان.

دیاریکردنی لانی کەمی تێکڕای چوونەسەری ساڵانەی کرێ لە ڕێگەی گفتوگۆی هاوبەشی نێوان نوێنەرانی ڕێکخراوە کرێکاریەکان لەئاستی سەرتاسەریدا لەگەڵ نوێنەرانی سەراسەریی خاوەن کارەکان و دەوڵەت.

کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەبەرامبەر کاری چوونیەکدا.

قەدەغەکردنی دانی کرێ بەشێوەی شمەک و غەیرە نەقدی. قەدەغەکردنی هەرجۆرە دواخستنێکی کرێ. قەدەغەکردنی هەرجۆرە داشکاندنێک لە کرێ و غەرامەکردنێک بە بیانووی جۆراوجۆرەوە. دانی کرێ بۆ ڕۆژانی نەچوونەسەرکار کە پاساوی هەبێت، بۆ دەورانی نەخۆشی و لەجێکەوتن، ڕۆژانی مانگرتن، وە یان هەرجۆرێک لە ڕاگرتنی بەرهەم لەبەر هەرهۆیەک بێت، وە یان بەهەر بیانوویەکی خاوەنکارەوە بێت.

کرێی کرێکاران، جگە لە ئەنجامدانی خودی کارەکە نابێ بە هیچ مەرج و فاکتەرێکی دیکەوە ببەسترێتەوە (وەکو زیادکردنی بەرهەم، بەرهەمهێنەریی کار، دیسپلین، ڕادەی دیاریکراوی بەرهەمهێنان و□شتی تر)، کرێی کرێکاران دەبێ بەیەکپارچەیی بەشێوەی کرێ بدرێت.

قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منالانو تازەلاوانی خوار ١٦ساڵ.

قەدەغەکردنی سپاردنی کاری قورس بە کرێکارانی دووگیان، وە یان ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی تایبەتمەندیی فیزیکی تایبەتی خۆیانەوە سەلامەتیان دەکەوێتە مەترسیەوە. هەموو کرێکارێک مافی ئەوەی هەیە هەر کارێک کە بەپێی لێکدانەوەی خۆی لەڕووی جەستەیی و دەروونیەوە بە زیانباری بزانێت بۆ خۆی، ئەنجامی نەدات.

قەدەغەکردنی دەرکردنی کرێکاران. دانی تەواوی دوا مووچەی وەرگیراو بەو کرێکارانەی کە دامەزراوەکەیان ڕائەوەستێ، تا ئەوکاتەی کە ئەچنە سەر کارێکی دیکە. بەرپرس بوونی دەوڵەت لە پەیداکردنی کاری هاوشێوە بۆ ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی ڕاوەستانی دامەزراوەکانیانەوە بێکار دەبن. ڕاهێنانی پیشەیی تازە بەخەرجی دەوڵەت بۆ ئەو کرێکارانەی کە پیشە یان ڕشتەکەیان بەهۆی ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژیەوە لەدەست دەدەن.

بیمەی بێکاری تێروتەسەل بۆ هەموو کەسانی ئامادە بەکاری سەرووی ١٦ ساڵ لەسەر بناغەی دوا کرێی وەرگیراو. دانی بیمەی بێکاری تێروتەسەل و باقی دەرماڵە پێویستەکان بەهەموو ئەو کەسانەی کە لەبەر هۆکاری جەستەیی یان دەروونی توانای کارکردنیان نییە.

دیاریکردنی تەمەنی خانەنشینی بۆ ژنان و پیاوان بە ٥٥ ساڵ یان دوای ٢٥ ساڵ پێشینەی کار (١٨ ساڵ بۆ کارە سەختەکان). دانی مووچەی خانەنشینی کە یەکسان بێت بە بەرزترین کرێی وەرگیراو لەدەورەی کارکردندا. بردنەسەری بیمەی خانەنشینی شانبەشانی چوونەسەری ئاستی کرێ.

دابینکردنی سەلامەتی و هەلومەرجی تەندروستی شوێنی کار و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی کار تا نزمترین ئاستی مومکین بەبێ هیچ سک هەڵگوشینێک، بە سوودوەرگرتن لە پێشکەتووترین ئاسانکاری و ئیمکاناتێک کە لە ئاستی جیهانیدا بەکاردەهێنرێ. چاودێری و پشکنینی پزیشکیی ڕێکوپێک لە بەرامبەر ئەو مەترسی و نەخۆشیانەی کە لە پیشە و کارەوە سەرچاوەدەگرن، لەلایەن دامودەزگای پزیشکیی سەربەخۆ لە خاوەنکارەوە، لەسەر خەرجی خاوەنکارەکان و دەوڵەت.

بیمەکردنی تەسەلی کرێکاران لە بەرامبەر ئەو کارەسات و زیانانەی کە لە ئەنجامی کارەوە تووشیان..

بۆ لاپەڕە...14



# پاش دووساڵ دەرکەوتنێکی تری مەسرور بارزانی لە شانۆگەرییەکی چەواشەکارانەی تردا!

## نووسینی: عامر سابیر

له 5 ی جوڵای 2023 دا مەسرور بارزانی له کەناڵە ئاسمانییەکەی خۆی (کەی 24) بۆ جارێکی تر دەرکەوتەوە و گوایە وەڵامی پرسیاری چین و توویێژەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئەداتەوە! لە ڕاستیدا ئەوانەی ئامادەبوون، نەک نوێنەری چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان نەبوون، بەڵکو هەندێ لە ئەندام و دۆستەکانی خۆیان بوون، کە دەزگای پاراستنەکەیان بە دیقەتی زۆرەوە زەحمەتی کێشاوە و هەڵیبژاردوون و ئەو پرسیارە پووچ و بێ ناوەڕۆکانەیان بۆ داناون تا بیخوێننەوە و ستایشی مەسرور بکەن و بەشان و باڵی (کابینەی نۆ)یەکەیدا هەڵبدەن.

ئاری هەرسین کە موچەخۆرێکی پارتییە بۆ پیاهەڵدان و ستایشکردنی بنامەڵەی بارزانی. ڕێک بەداوی کۆبوونەوەکەدا لێدوانی بۆ (کەی 24) داو وتی "ئەمە یەکەم جارە کە شتێکی ئاوا ڕوویدات، دیدارەکەی سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی لەگەڵ چین و توێژەکان دەبێت ببێت بە کەلتوور. ئەمە خزمەت بە شەفافییەت ئەکات. متمانەی نێوان خەڵک و حکومەت ئەگەڕێنێتەوە. کارێکی بوێرانە بوو، کە سەرەڕای چەندان قەیران بە ئاشکرا لەگەڵ چین و توێژەکان دابنیشێ کۆبوونەوەیان لەگەڵ بکات".

لە ڕاستیدا ئەمە دووەم جارە کە مەسرور شانۆگەری پووچی ئاوا پێشکەش ئەکات. پێشتریش لە 30/09/2021 دا بەهەمان جۆر لە کەناڵەکەی خۆیەوە، کۆبوونەوەیەکی چەواشەکارانەی هاوشێوەی ئەمە بە ناوی (یەکەم دیداری تاون هۆڵ) بڵاوکرایەوە، کە بەندە نووسەری ئەم دێڕانە لەکاتی خۆیدا

بنەماڵەکەی لە سایەی گەندەڵی و دزێتی سەروەتی خەڵکی کوردستاندا بوونەتە بلوێنێر، کەچی بۆ جارێکی تر لەم کۆبوونەوەیەدا خۆی واپیشاندا کە ئەو و بنەماڵە و حیزبەکەی سەرچاوەی دزی و گەندەڵی نین لە کوردستاندا و وتی "پابەندم کۆتایی بە گەندەڵی بهێنم".

مەسرور بارزانی چونکە هیچ ئاگای لە ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان نییە و ئەو لە باخێکی تردایە، بۆیە لە وەڵام بە پرسیاری مرورێکی هەولێردا کە نیگەران بوو لە زۆری ژمارەی ئۆتۆمبیل و خراپی ڕێگاوبان لە شاردا، وتی "زۆری ئۆتۆمبیل دەریدەخا کە وەزعی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکە، چونکە بوونی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل لە کوردستان، دیارە خەڵک توانای کڕینی ئۆتۆمبیلی هەیە، کە ئەمەش جێگەی دڵخۆشییە، کە خەڵک بتوانێ لە ئاستێکی بەرزی ژیاندا بێت"!

پردی (توە قوت)یان بۆ تەواوبکرێ و گلەیی کرد کە بۆچی ئەوە چوارساڵە براگەورە سەرۆک وەزیرانە و تەشریفی نەبردووە بۆ لایان بۆ هەڵەبجە، مەسرور لە وەڵامدا ئەڵێ بڕوا بکە بەنیازبوومە کە بێم، بەڵام هەموو جارێک کە ویستبێتم، شتێک هاتۆتە پێشەوە، یان وتوویانە پرۆژەکان ئامادەنین هێشتا! مەسرور دڵنیایی پێدا و وتی بەسەرچاو با پرۆژە ئامادەبێ بۆ کردنەوە دێم!

مەسروری کۆنەپەرست کە لەو شوێنانەی بەکەڵکی دێ باسی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئاشتەوایی ئەکات، لە وەڵامی مەلایەکدا وتی "لەهەمان کاتدا نەبوونی ئاین مەترسییەکی



گەورەیە"، ئایا بۆچی نەبوونی ئاین مەترسییەکی گەورەیە؟ وە لەسەر کێ مەترسییە؟ ئایا ئەمەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەمان فەتوای سەلەفییەکان نییە بۆ کوشتنی (خواناس)ەکان کە لە 22/06/2023 دا لە چەمچەماڵ تیرۆرکرا؟

مەسرور باوەڕی وایە کە ئەگەر درۆکانی

**مەسرور بارزانی، نەك هەر خۆی و باوکی و ئامۆزاکانی بلوێنێرن، تەنانەت کوڕەکەشی بلوێنێرە و خاوەن زانکۆ و چەندین کۆمپانیایە، بۆ قەرزەکان نادەنەوە؟ ئێوە سەرەڕای ئەوەی بۆ پەنجا ساڵ نەوتی کوردستانتان هەرزان فرۆش کردووە بە تورکیا لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتی میلیشیایی و بەکرێگیراویتان بۆ تورکیا، ئێوە سەرەڕای ئەوەی ئەوە چەندین ساڵە سەدان هەزار بەرمیل نەوتی خەڵکی کوردستان ڕۆژانە ئەفرۆشن، بۆ ئەبێت سی و ئەوەندە بلیۆن دۆلار قەرز لەسەر خەڵکی کوردستان بێت؟**

وتارێکم لەسەر نووسی بە ناونیشانی "بارزانیيە بچوکەکە و دیداری تاون هۆڵ"، کە لینکەکەی لە خوارەوە دانراوە.

ئەم سەرۆک وەزیرانەی حکومەتە عەشیرەتییە کۆنەپەرست و دواکەوتووەکەی پارتی و یەکێتیی، کە خۆی و باوکی و کوڕەکەی و بەشی زۆری ئەندامانی

ئەم تالانچی و چەتانە، دوێنێ وتیان مۆڵەکان جمەی دێت لە خەڵکدا، کەواتە وەزعی خەڵک باشە! ئەمڕۆش ئەڵێن سەیارەت هەبێت کەواتە ئاستی ژیانت بەرزە!

مەسرور لەبەرانبەر گلەیی پارتییەکی هەڵەبجەییدا، کە تا ئێستا هەر چاوەڕێن کە

بەردەوام دووبارە بکاتەوە، ئیتر خەڵک باوەڕی پێ ئەکەن. کابینەی نۆیەم کە لە 10ی جولای 2019ەوە دەستبەکارە، مەسرور ئەڵێ "ئێمە لە کابینەی نۆ توانیومانە بەردەوام هەموو مانگێک موچەی موچەخۆران بدەین، ئەڵێ ڕەنگە هەندێ جار دواکەوتبێ، بەڵام هەمووی دراوە". لە

ڕاستیدا ئەگەر لە هەر مووچەخۆرێکی ئاسایی کوردستان بپرسی شتێکی پێچەوانە ئەڵێ. سایتی (درەو میدیا) کە جێگەی متمانەیە، لە ئامارێکدا کە لە 6ی جولای 2023 دا بە نەخشە بڵاویکردۆتەوە، ئەڵێ لە کابینەی نۆی مەسروردا، حەوت موچە بەتەواوی خەرج نەکراوە، یەک موچە دواکەوتووە و دە موچە بە لێبڕینەوە خەرجکراوە.

هەر لەم دیدارەدا، مەسرور بەردەوام ئەبێ لە درۆکردن و ئەڵێ "ئەڤ ئاستی ژیان و ئازادی لە کوردستان، گەلەک باشترە لە زۆر وڵاتی تری دنیا"، کام ئازادییە؟ ئەو ئازادییەی کە ڕێگە بە هیچ خۆپیشاندانێک نادەن لەسایەی دەسەڵاتی تالانچێتیتاندا؟ ئێوە زەندەقتان چووە لە بچوکترین خۆپیشاندان و نارەزایەتی خەڵکی ناڕازی لە دژی دەسەڵاتی گەندەڵ و سەرکوتکەرتان. ئێوە ئەوەندە لە ئازادی ئەترسن کە تەنانەت کاتێک کۆمەڵێک خاوەن پێداویستی تایبەت بە عارەبانەکانیانەوە هاتنە بەردەم پەرلەمانەکەتان، بەرشەقتاندا و عارەبانەکانتان بەسەردا شکاندن. کام ئاستی بەرزی ژیانە؟ ئەوەی کە کرێکارێکی ژینگە پارێز 350 هەزار وەرئەگرێ لە مانگێکدا و ئەگەر بچوکترین نارەزایەتی دەربڕێ بۆ زیادکردنی کرێ یان ئەگەر دژی دواکەوتنی موچەکەی دەنگ بەرزبکاتەوە ئەوا نانبڕاو ئەکرێ لە لایەن ئەو کەرتی تایبەتەی کە ئێوە پاڵپشتیانن و زۆربەی کاتیش خۆتان و دەوروبەرتان خاوەنی هەموو ئەو کۆمپانیا تایبەتانەن کە لە کۆیلە خراپتر مامەڵەی کرێکاران ئەکەن لە کوردستاندا؟

مەسرور ئەڵێ "نابێ خەڵک هەر چاوی لەوەبێ کە حکومەت دایمەزرێنێ، ئەگەر تەنها شوێنی دامەزراندن حکومەتبێ ئەمە هەڵەیە و لە هیچ شوێنێکی دنیادا وا نییە". باشە، بەڵام لە هەموو شوێنێکی دنیادا ئەوەی دەسەڵاتی بەدەستە خۆی بە لێپرسراو ئەزانێ لە بەرانبەر ڕەخساندنی هەلی کاری گونجاو یان پێدانی بیمەی بێکاری بۆ بێکاران. مەسرور کە خۆی و بنەماڵەکەی بەشی شێریان هەیە لە کەرتی تایبەتدا و هەرچی کۆمپانیا هەیە لە کوردستاندا بەچەندین ڕایەڵ بەستراونەتەوە بە دەسەڵاتەوە، ئێوە کە هەموو ئاسانکارییەکیان کردووە بۆ کۆمپانیاکان و لەسەر حیسابی کۆمەڵگە کۆمەکیان ئەکەن و بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک کەرتی تایبەتتان بەرداوەتە کۆمەڵگە و کرێکاران ئەچەوسێننەوە و چاوچنۆکانە و بێ مۆڕاڵانە سەرمایەکانیان کەڵەکە ئەکەن لەسەر ژیانی کرێکاران و دژوارترین و بێ مافترین هەلومەرجی کاریان سەپاندووە بەسەر کرێکاراندا لە کوردستاندا، بەڵام ئێوە هیچ خۆتان بە لێپرسراو نازانن لەو هەلومەرجەی کە سەپاندوویانە بەسەر کرێکاران و کۆمەڵگەدا!

له چوار ساڵی حكومەتەكەی تۆدا، سەدان كرێكار ژیانیان لەدەستدا و بوونە قوربانی ناسەلامەتی شوێنی كار، ئایا چەند سەرمایەدار و كۆمپانیات بردە بەردەم دادگا و لەسەر بەهەند نەگرتنی ژیانی كرێكارەكانیان سزا دراون؟ ئایا تۆ و ئەم دەسەڵاتە مافیاییەی كوردایەتی هیچ یاسایەكی هەیە كە باسی سەلامەتی شوێنی كار بكا و سزای بۆ خاوەنكارەكان دیاری كردبێ لەسەر گوێ نەدان بە سەلامەتی ژیانی كرێكار و نائەمنی شوێنی كار؟

**نا، مەسرور بارزانی، درۆ بەناوی خەڵكی كوردستانەوە مەكە... خەڵكی كوردستان پاڵپشت و هاوكاری ئێوە نیین، بەڵكو لە فرسەتێك ئەگەڕێن پشتان بدەن لە زەوی و لە كۆڵی خۆیانتان بكەنەوە. ئێوە دێوەزمەی سەر سنگی خەڵكی كوردستانن...**

بەشی زۆری كرێكارانی كەرتی تایبەت، ئەو موچەیەی كە وەری ئەكرن هێندە كەمە كە بەشی لانی هەرە كەمی ژیانێكی ئاسایی ناكات، بەڵام هەر كاتێك كرێكاران بچوكترین نارەزایەتیان دەربڕیبێ یان لەسەر كارەكانیان دەركراون، یان بێدەنگكراون و هەڕەشەی نانبڕینیان لێكراوە كە نابێت بە هیچ جۆرێك نارەزایەتی دەربڕن. ئایا تۆی گەندەڵ و حكومەتەكەت هیچ یاسایەكت هەیە كە بەرگری لە كرێكار بكات و كرێكارانی نانبڕاوكراو هانای بۆ بەرن تا مافەكانیان لە خاوەنكار بسەنن؟ ئایا هیچ یاسایەكتان هەیە كە كرێی كرێكار بە پێی هەڵئاوسان بەرزبكاتەوە و لێپرسینەوە لە خاوەنكار بكات و مافی مانگرتن و خۆپیشاندان بۆ كرێكاران بەڕەسمی بناسێ؟ لە سایەی گەندەڵی و بێدەربەستی ئێوە و ئەم لیبرالیزم و بازاڕە ئازادەی ئێوە سەپاندووتانە بەسەر كۆمەڵگەدا، هەر خاوەنكارێك بووە بە خودای كرێكارەكانی و هەركات ویستی نانبڕاو و بێكاریان ئەكات و لوتبەرزانەش خاوەنكارەكان بە كرێكاران ئەڵێن ئەگەر ڕازی نی فەرموو برۆ، ئەڵێن ئەوەتە سەدان كەسی تر مەجبوورە ئیشەكەی تۆ بكات! ئێوەش سەرۆكی ئەم حكومەتە میلیشیایی و مافیاییە ئەمە ناو ئەنێن ئازادی و گوایە خاوەنكار ئازادە كار بەكێ ئەدا و كرێكاریش ئازادە ئیش بۆ كێ ئەكات!

مەسرور و سەرانی تری ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە، هەرگیز لێپرسراوێتیان لەخۆیان پیشان نەداوە بەرانبەر بە خەڵكی كوردستان. مەسرور هەر لەیەكەم ڕۆژی دەستبەكاربوونییەوە وتی حكومەتێكمان وەرگرتووە كە بلیۆنان دۆلار قەرزارە. ئایا كێ قەرزی كردووە، هەر خۆتان نەبوونە؟ هەرگیز پرستان بە خەڵكی كوردستان كرد كە قەرزتان بۆ چییە و چەند قەرز ئەكەن و كە قەرزیشتان كرد چیتان لێ كرد؟ ئەوە 32 ساڵە ئێوە و دەسەڵاتە میلیشیاییەكەتان كوردستان ئەدۆشن و ئەیمژن و ئەیدزن، باشە بۆ 30 بلیۆن دۆلارتان قەرز كردوە؟

ئەشتانەوێ خەڵكی كوردستان بە خاوەنی ئەم قەرزەی خۆتان بناسێنن؟ ئێستا گوایە ئەم قەرزە قازانجی چۆتە سەرو بووە بە 36 بلیۆن دۆلار!؟

مەسرور بارزانی، نەك هەر خۆی و باوكی و ئامۆزاكانی بلوێنێرن، تەنانەت كوڕەكەشی بلوێنێرە و خاوەن زانكۆ و چەندین كۆمپانیایە، بۆ قەرزەكان نادەنەوە؟ ئێوە سەرەڕای ئەوەی بۆ پەنجا ساڵ نەوتی كوردستانتان هەرزان فرۆش كردووە بە توركیا لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتی میلیشیایی و بەكرێگیراویتان بۆ توركیا، ئێوە سەرەڕای ئەوەی ئەوە چەندین ساڵە سەدان هەزار بەرمیل نەوتی خەڵكی كوردستان ڕۆژانە ئەفرۆشن، بۆ ئەبێت سی و ئەوەندە بلیۆن دۆلار قەرز لەسەر خەڵكی كوردستان بێت؟

هەر لەم كۆبوونەوەیەدا مەسرور ئەڵێ "ئەزانم كە نقوستانی هەبووە، دەزانم كە كەموكوڕی زۆر هەبووە، بەڵام زۆر لەو شتانە خەتای ئێمە نەبووە"؟ ئەی خەتای كێ بووە؟ لەلای خەڵكی كوردستان هەمووتان قوماشی یەك تۆپن. هەمووتان لە قەفەزی تاوانكاری دادگای خەڵكی كوردستاندا ڕاوەستاون. ئێوە لەسەر بوركانی تووڕەیی خەڵك ڕاوەستاون.

ئەوە بۆچی كەس نەبوو لە نێو ئەو گوایە نوێنەرانەی خەڵكی كوردستاندا بپرسێ كە بۆچی مانگی ڕابردوو، خۆت و باوكت كە چوون بۆ ئەردەن، بۆ بەشداری شایی كوڕەكەی مەلیك عەبدوڵا، هەشت ملیۆن دۆلاری خەڵكی كوردستان دیاری دەستان بوو؟ ئایا ئەزانن كە هیچ میوانێكی تری ئەو زەماوەندە هێندەی ئێوە دەست پڕ نەبوو؟ ئێوە كە دیاری دەستان تەنها بۆ شاییەك هەشت ملیۆن دۆلار بێ، ئایا ئەبێت چەند دەیان بلیۆن دۆلار سەرمایەتان بێ كە لە خەڵكی كوردستانتان دزیوە؟

ئەوە بۆ لە نێو ئەو نوێنەرانەدا كەسێك نەبوو بڵێ تكایە ڕۆنی خۆمان مەدەنەوە لە سمێڵی خۆمان، ئەگەر ئێوە دزیمان لێ نەكەن پێویستمان بە دەزگای خێرخوازیی

**ئەوە بۆ لە نێو ئەو نوێنەرانەدا كەسێك نەبوو بڵێ تكایە ڕۆنی خۆمان مەدەنەوە لە سمێڵی خۆمان، ئەگەر ئێوە دزیمان لێ نەكەن پێویستمان بە دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەزگای مرۆیی مام نییە كە دڵۆپێك لەو دەریایەی دزیوتانە بە خێر و سەدەقە بگێڕنەوە بۆمان؟**

بارزانی و دەزگای مرۆیی مام نییە كە دڵۆپێك لەو دەریایەی دزیوتانە بە خێر و سەدەقە بگێڕنەوە بۆمان؟

نا، مەسرور بارزانی، درۆ بەناوی خەڵكی كوردستانەوە مەكە.

خەڵكی كوردستان پاڵپشت و هاوكاری ئێوە نیین، بەڵكو لە فرسەتێك ئەگەڕێن پشتان بدەن لە زەوی و لە كۆڵی خۆیانتان بكەنەوە. ئێوە دێوەزمەی سەر سنگی خەڵكی كوردستانن.

نا، خەڵكی كوردستان لەگەڵ ئێوە نەوەستاون، بەڵكو لە بەرانبەرتاندا ڕاوەستان و لە زۆرانبازیدان لە گەڵتان.

نا، خەڵكی كوردستان بڕوایان پێتان نییە، خەڵكی كوردستان ئەزانێ كە ناكرێ بڕوا بە تاڵانچی بكرێ.

نا، خەڵكی كوردستان حكومەتەكەی ئێوە بە حكومەتی خۆی نازانێ، بەڵكو بە مڵۆزم و مۆتەكەی سەر ژیانی خۆی ئەزانێ.

نا، ئێوە جێی متمانەی خەڵكی كوردستان نیین، خەڵكی كوردستان ئەزانێ كە بلوێنەها دۆلارەكانتان بەرهەمی دەست پیسی و دزی و گەندەڵییتانە.

نا، خەڵكی كوردستان ئێوەی بە خزمەتكاری خۆی قبوڵ نییە، لای خەڵكی كوردستان شوێنی ئەوانەی ڕۆژنامەنووسان زیندانی ئەكەن و نەیارانی سیاسیان تیرۆر ئەكەن، زیندانە، نەك خزمەتكاری.

**تێبینی:**

**ئەمەی خوارەوە لینكی دیدارەكەی مەسرور بارزانییە كە كەناڵی كەی 24 بۆی ڕێكخستبوو لە 5/7/2023 دا:**

https://www.youtube.com/watch?v=q5w1bsGli2I

**ئەمەی خوارەوە لینكی ئەو وتارەی بەندەیە كە لە 06/10/2021 دا نووسراوە، لە سەر دیدارەكەی مەسرور،**

**كە لە سایتی ئەمرۆدا هەیە، لە ژێر ناونیشانی: بارزانییە بچووكەكە و شانۆگەری دیداری تاون هۆڵ.**

https://www.emrro.com/barzaniyebicukeke.htm

14/07/2023

**نا، مەسرور بارزانی، درۆ بەناوی خەڵكی كوردستانەوە مەكە... خەڵكی كوردستان ئێوەی بە خزمەتكاری خۆی قبوڵ نییە، لای خەڵكی كوردستان شوێنی ئەوانەی ڕۆژنامەنووسان زیندانی ئەكەن و نەیارانی سیاسیان تیرۆر ئەكەن، زیندانە، نەك خزمەتكاری...**



# عەلی مەحمود: ویستی حکومەتی عێراقی کۆتاییهێنانە بە قەوارەی هەرێم و یەکخستنەوەی وڵات و دامەزراندنی کۆمارێکی ناوەندی یەکگرتووی بەهێز لەسەر مۆدێلی کۆماری ئیسلامی ئێران ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ عەلی مەحمود نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چاودێری سیاسی، سەبارەت" هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە و ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێم...

**بۆپێشەوە: تادێت گوشارەکانی بەغدا لە ڕێگای بڕیاری یەک بەدوای یەکدا بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم زیاد دەکات، هۆکاری ئەم زۆر بوونی گوشارەکان چییە؟**

**عەلی مەحمود:** گوشارەکان دوو هۆکارن ململانێی نێوان ینک و پدک، وە ویستی حکومەتی عێراقی بۆ کۆتایی هێنان بە قەوارەی هەرێم و یەکخستنەوەی وڵات و دامەزراندنی کۆمارێکی ناوەندی یەکگرتووی بەهێز لە

کۆماری ئیسلامی ئێران.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە بڕیاری نایاسای بوون و نادەستوری بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان لەلایەن دادگای فیدالی عێراقەوە... لەکاتێکدا هەموو خولەکانی پیشوو پەرلەمان تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە، بێ ئەوەی دادگای فیدرالی، کاردانەوەیەکی هەبووبێت؟**

**عەلی مەحمود:** خولی یەکەمی پەرلەمانی

خەڵک بەدوای دادپەروەری لەناو ئەو قەوارەیە دەگەڕێت تا ببێتە هی ئەو، کە نەبوو بە هی ئەو ئیتر بە ماڵی خۆی نازانێت, هیوای پێ نامێنێت, قوربانی بۆ نادات, واتا دەبێتە جەستەیەکی بێ رووح, خۆ ئەوانەی رووحی نەتەوەییان هەیە، کاتێک داعش هاتە مەخمور هەموو هەولێریان چۆڵ کرد، روحەکەی ئەوان بۆ قوربانی نییە بۆ بە قوربانیکردنی ئەوانەیە خاوەنی بستێک زەوی نین دوای

لیستەکان دۆڕان، ئەگەر چوار نەوەشی بۆ زیاد بکەین کە پەیوەست بوون بە دەنگدانەوە ئەوا دۆڕانەکانیان کەمەر شکێن بوو، ئێستاش نایانەوێت دۆڕانی دیکە دووبارە بکەنەوە.

**بۆپێشەوە: بەشی هەرەزۆری سەرانی حزبەکانی کوردستان و نووسەرانیان لە پەیوەند بە سیاسەت و بڕیارەکانی بەغدادا دەڵێن... کاربەدەستانی عیراق، لە دەستور و فیدرالیەت پەشیمان بوونەتەوە، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**عەلی مەحمود:** هێشتا پارت و لایەنە شیعەکان نەیانتوانییوە خۆیان یەک بخەن، یەکگرتووانە بچنە پێشەوە، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەناو عێراق ماون، دەنا چی لە ئێران بە نەتەوەکانی دراوە، لێرەش تەمای زیاترمان نەبێت.

**بۆپێشەوە: دوای بێنەو بەردەیەکی زۆری نێوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی سەرئەنجام بودجەی عێراق پەسەند کرا، پرسیار ئەوەیە پەسەند کردنی بودجە دەتوانێت چ کاریگەرییەکی لەسەر باشکردنی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی عێراق هەبێت؟ وە تاچەندە لاتان وایە ئەم ڕیکەوتنامەیە دەتوانێت پایەدار بێت و بەدەردی ڕیکەوتنامەکانی تر ناچێت؟**

**عەلی مەحمود:** یاسای بودجە و یاسای وەبەرهێنان دوو یاسان بۆ مەشروعیەت دان بە دزی و تاڵان لە ڕێگای یاساوە،

> هەرێم ڕێگرە لەبەردەم قوتبی کردنەوەی دەسەلاتی ناوەندی لە بەغدا، زیاتر بەشەکەی پارتی چونکە ئەو سەری لە تورکیایە، نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی جوگرافیاکەی هەرێم دژی بەکار دەهێنن، وە کوردستان ڕێگرە لەبەردەم سەپاندنی سیاسەتی یەکگرتوو لە عێراق ...

سەر مۆدێلی کۆماری ئیسلامی ئێران.

هەنگاوەکانی ینک بۆ بەغدا ئەنجامی ئەوەیە پارتی بە شەریکی تەواو وەرینا‌گرێت لە حوکمڕانی کوردستان، لوتبەرزی پارتییە پاڵ بە ینک ەوە دەنێت بۆ بەغدا بچێت, چۆن سیاسەتی ینک لە هێنانی ئێران و فشار توندکردنەوە لەسەر پارتی بووە هۆکاری 31 ی ئاب. واتا پارتی شەریکە بەشی ینک ە بۆ پاڵنانی بەرەو بەغدا.

**بۆپێشەوە: ئایا گوشار و بڕیارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، سزادانی دەسەڵاتی هەرێمە وەکو هەندێک دەڵێن، یان بەشێکە لە سیاسەتی حکومەتی مەرکەزی، بۆ قوتبی کردنەوەی دەسەڵات لەناوەند؟**

**عەلی مەحمود:** هەرێم ڕێگرە لەبەردەم قوتبی کردنەوەی دەسەلاتی ناوەندی لە بەغدا، زیاتر بەشەکەی پارتی چونکە ئەو سەری لە تورکیایە، نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی جوگرافیاکەی هەرێم دژی بەکار دەهێنن، وە کوردستان ڕێگرە لەبەردەم سەپاندنی سیاسەتی یەکگرتوو لە عێراق, ئەوەی لە باشوور دەگوزەرێت پیادە کردنی سیاسەتی ئێرانە بەشێوە وەحشیانەتر لە وڵاتی سەرچاوە، حیزبە ئیسلامییە شیعەکان پەلەیانە بۆ دامەزراندنی مۆدێلی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و ناوەندیکردنی حکومەت، کۆتاییهێنان بە سستەمی پەرلەمانی و دامەزراندنی حکومەتێک لەسەر بنچینەی سستەمی سەرۆکایەتی، دامەزراندنی کۆماری ناوەندی ئیسلامی وەحشیانەتر لەوەی لە ئێران هەیە, ئاخر لە یادمان نەچێت تاران و تەبرێزو کەرەج و ئەسفەهان سکۆلارترین شاری ناوچەکەن, لێرە بەغدای جاران نەماوە، بەغدای حەسەن پلایس و موقتەدا سەدرا، کۆماری ئیسلامی عێراقی داهاتوو وەحشیاتر دەبێت لە

کوردستان یەکێک نەبوو پەرتووکی گینزی لێ ئاگادار بکاتەوە، دەچووە ریزی ژمارە پێوانەییەکانەوە، وەلامی ئەم پرسیارەش لە وەلامی پرسیاری یەکەمدایە، ئەو دادگایەش دادگایەکی کۆنەپەرستانەی ستەمگەرە، وەک ئامرازێک بۆتەسفیاتی حیسابات بەکار دەهێنرێت، هەندێک سیاسی کورد کە توانای خەباتی جەماوەری و ڕێکخستنی خەڵکیان نییە بە نرخی ڕۆژ سیاسەت دەکەن، خەریکی نامەو نامەکارین بۆ ئەم دادگایە، باوەڕ ناکەم ئەم دادگایە لە داهاتوودا باش لە مێژوودا بنوسرێت، سەری خاوەن نامەکانیش دەخوات.

**بۆپێشەوە: سەرانی حزبەکانی دەسەڵات و بەشیکی زۆری نووسەرانیان هۆکاری**

گیانبەختکردنیان تیای بشاردرێنەوە, ئەوە جێگای قەبریش بۆتە پارە.

**بۆپێشەوە: ئایا بڕیارەکانی ناوەندو دادگای فیدرالی پێچەوانەی دەستورن، ئەگەر دژی دەستورن بۆچی پارتی و یەکێتی... قبوڵی دەکەن و بەکردەوە دانی پێدادەنێن؟**

**عەلی مەحمود:** من یاسا ناس نیم, بەڵام وەک مەعلومە باشترین یاساناس و پارێزەر لە بەغدا کار بۆ ئەم کەیسانە دەکەن دژ بە یەکتر لە چوارچێوەی ئەو دەستورە لاستیکییە.

پارتی و یەکێتی بڕیاریان داوە تا ئاخر سەموون بەردەوام بن.

**بۆپێشەوە: پارتی و یەکێتی لە ژێر گوشاری**

> خەڵك بەدوای دادپەروەری لەناو ئەو قەوارەیە دەگەڕێت تا ببێتە هی ئەو، کە نەبوو بە هی ئەو ئیتر بە ماڵی خۆی نازانێت, هیوای پێ نامێنێت, قوربانی بۆ نادات, واتا دەبێتە جەستەیەکی بێ رووح, خۆ ئەوانەی رووحی نەتەوەییان هەیە، کاتێك داعش هاتە مەخمور هەموو هەولێریان چۆڵ کرد، روحەکەی ئەوان بۆ قوربانی نییە بۆ بە قوربانیکردنی ئەوانەیە خاوەنی بستێك زەوی نین دوای گیانبەختکردنیان تیای بشاردرێتەوە، ئەوە جێگای قەبریش بۆتە پارە.

**هەڕەشەی ناوەند بۆسەر قەوارەی هەرێم!! دەگێڕنەوە بۆ لێکترازانی ناو ماڵی کورد!! و کاڵبونەوەی روحی نەتەوەیی!! ئێوە هۆکارەکانی گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم چۆن دەبینن؟**

**عەلی مەحمود:** جارێ لە زانستی پزیشکی بەدوای روحدا بگەڕێین وەلام بۆی نییە، لە سیاسەتیش ئەم رووحە پەیوەستە بە هیوای خەڵکەوە، کە هیوا بە شتێک نەماوە، ئیتر خەڵک خۆی بۆ بەکوشت نادا، ئێستا بوونی قەوارەیەکی کوردی بۆتە تەحسیڵ حاسڵ،

**نەتەوەیەکگرتوەکان و دوا بڕیاری بەغدادا لەسەر نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، ناچارن دەست بۆ هەڵبژاردن ببەن، ئایا تا چەندە پارتی و یەکێتی لە ئیستادا دەتوانن هەڵبژاردن بکەن؟**

**عەلی مەحمود:** تا ئێستا هەنگاوی جدی نەنراوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن, پێی دەچێت ئەگەر لە رووکەشدا ململانێ هەبێت، بەلام لە ناوەڕۆکدا بە بەشی ئێستای خۆیان رازین, هەڵبژاردنی پێشوو وەک ژمارەی دەنگ سەرجەم پارت و

لەچوارچێوەی ئەم یاسانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر دەبن، لەو یاسایە چی تازە پێشکەشکراوە بۆ باشکردنی باری ئابووری هەژاران، کەمکردنەوەی جیاوازییەکان لە داهات، زیادکردنی باج و رسومات لەسەر دەوڵەمەندەکان, کۆنترۆڵکردنی پرۆژە ئابوورییەکانی دەسەلاتداران، سەپاندنی سیاسەتی من ئەینە لک؟ دابینکردنی خزمەتی تەندروستی، بیمەی بێکاری و خوێندنی باشتر، خانوو ..... بۆ هەژاران، ئەمانە هیچی

نەکــــــراون، کەواتە هەژاران سفر یەک بەدەست و دەست بەتاڵ دەرچوون، تەنها کۆمەڵێک مشەخۆری نوێ دەکەنە پەرلەمانتارو وەزیرو موچە باڵا.

**بۆپێشەوە: باڵە سەرەکیەکانی ناسیونالیزمی کورد "پارتی و یەکێتی" سەربارى ناکۆکی بەردەوامی نێوانیان، بەلام دژی گێرانەوەی پاشەوکەتی موچە موچەخۆران بوون، ئەم هاوڕاییە چیمان پێدەڵێت؟**

**عەلی مەحمود:** بەرژەوەندی ئابووری هاوبەش پێش هەموو شتێکە بۆ ئەوان، هەموو ململانێکانیان لەسەر بەرژەوەندی خۆیانە، لە زۆری دیکەدا دیدیان یەکە. کە بەرژەوەندی هات گەیی نامێنێت.

**بۆپێشەوە: بەپێی بەندێکی بودجە پەسەندکراو بۆ سێ ساڵی داهاتوو، لەکاتی بوونی نادادپەروەری لە دابەشکردنی شایستە داراییەکانی لە ئاستی پارێزگاکانی هەرێمدا، بغدا راستەوخۆ بودجەی ئەو پارێزگایە دەنێرێت... یەکێتی نیشتیمانی ئەوە بەدەستکەوتێکی خەڵک و ڕێگایەک بۆ دادپەروەری و خزمەت بەخەڵکی زۆنی سەوز دەزانێت، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**عەلی مەحمود:** کاردانەوەیە بەرامبەر بە لوتبەرزییەکانی پارتی، بەلام لە راستیدا شکاندنی کالەگە بە ئەژنۆ، هیچی لێ شین نابێت، جەهەنەمی بەغدا سەماوەو دیوانییەو کوت لەبەر چاوە، خۆ لەوانە زیاترمان بۆ ناکرێت.

**بۆپێشەوە: بەشێکی زۆر لەسەرانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و تا دەگاتە نووسەران، باسی مەترسی سیاسی سەر قەوارەی هەرێم دەکەن و نایشارنەوە کە قەوارەی هەرێم لەسەر لێواری دارمانە... ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**عەلی مەحمود:** تا ناو ماڵی پارتە ئیسلامییە شیعەکان ڕێکتر بێت، بەرەو دەوڵەتی ئیسلامی شیعی زیاتر دەچینە پێش، کە ئەویش پێـکـهـات، چی لە رۆژهەلات دراوە بە کوردەکان، ئێمەش لێرە هەمان شت وەردەگرین.

بۆ خەڵکی هەژار مەترسی لە برسێتیدایە، برسێتی ڕەگی هارییە، کە برسێت بوو بۆ بەدەست هێنانی نان هەموو هەوڵێک دەدرێت، ئەمەی خەڵک دەیکات ڕەنگدانەوەی برسێتی، پەراوێز خستن، نا دادپەروەری، ئیمتیازاتی زەبەلاحی دەسەلاتداران و منداڵەکانیانە.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد بەگشتی و نەوەی نوێ بەتایبەتی؟**

**عەلی مەحمود:** هیچی تازەیان پێ نەبوو بۆ کۆمەڵگە، نەوەی نوێ زیاتر لە کەناڵێکی ڕاگەیاندن دەچێت، نەک بزاوتێکی سیاسی تەعبیر لە بەرژەوەندی نەوەی تازە بکات، نە دادپەروەریان پێیەو نەدەسەلاتێکی سەردەمیانەتر، نە ئازادیش، ئەمانە زیاتر کۆمەڵگەی کوردییان بردە دواوە، وای لێهاتووەو هەیمەنەی کۆنەپەرستی زاڵە بەسەر کۆمەڵگەی کورددیدا، مەترسی لە ئاستێکدایە خەریکە برسێتی و سەرکوتی دەسەلاتداران لە بیری تویژێکی بەرفراوان ببەنەوە...

**نەوەی نوێ زیاتر لە کەناڵێکی راگەیاندن دەچێت، نەک بزاوتێکی سیاسی تەعبیر لە بەرژەوەندی نەوەی تازە بکات، نە دادپەروەریان پێیەو نەدەسەلاتێکی سەردەمیانەتر, نە ئازادیش...**

# زیادکردنی مووچە و هەقدەست یان قازانج: باوەڕ بە پڕۆپاگەندەی چینی دەسەڵاتدار مەکەن!



بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەسەلاتداران پێمان دەڵێن ئەوە شەڕی ئۆکرانیایە کە هۆکاری ڕاستەقینەی هەلاوسانە، ئینجا ئێستا پێمان دەڵێن خەتای کرێکارە، چونکە داوای هەقدەستی زۆرتر دەکەن و لەلایەن سەرۆکی بانکی ئینگلتەراشەوە کرێکاران هاندەدرێن کە واز لە داخوازییەکانیان بهێنن بۆ ئەوەی "ئابووری بەریتانیا بتوانێت گەشە بکات."

بەلام بەڕاستی مەبەست لە گەشەی ئابووری چییە؟

لە واقیعدا هەموو ئەو قسەوباسانەی کە مووچە و هەقدەست بە هۆکاری بەرزکردنەوەی هەلاوسان دەزانێ، دوکەڵێکە بۆ هێرشکردنە سەر ئاستی ژیان و مافەکانی چینی کرێکار.

کرێکاران ڕووبەڕووی کەمکردنەوەی واقیعی بوونەتەوە لە هەقدەست و ئاستی ژیاندا.

نرخی کاڵا و شمەکەکان بەرز دەبنەوە، چونکە سەرمایەداران و خاوەنکارەکان بەدوای پاراستن و زیادکردنی ڕێژەی قازانجەکانیاندان بەتایبەتی سەرمایەدارانی کەرتی وزە.

لێکۆڵینەوەکانی نەقابەی Unitedدەریخستووە کە قازانجی گەورەترین کۆمپانیاکانی بەریتانیا لەسەدا ٨٩ زیاترە لەچاو پێش پەتای کۆرۆنا. هەروەها پێشەسازییە سەرەکییەکان لەوانەش کەرتی وزە بەرپرسن لە زیاتر لە ٥٧%ی سەرجەم هەلاوسان.

ئەوەی ئێمە ڕووبەڕووی دەبینەوە قەیرانی تێچووی ژیان نییە، بەڵکو قەیرانی تێچووی قازانجە. یانی زیادکردنی قازانج لەلایەن سەرمایەداران و خاوەنکاران. زۆر گرنگە بزووتنەوەی کرێکاری و چینی کرێکار و خەڵکی کەمداهات بە گشتی لەم ڕاستییە تێبگەن.

ئێمە دڵنیاین لەوەی کە چینی سەرمایەدار هەمیشە بەدوای دابەزاندنی هەقدەست و مووچەوەیە تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت بۆ ئەوەی زۆرترین قازانج بەدەستبهێنێت.

پڕوپاگەندەی چینی دەسەلاتدار بۆ کۆت و بەندکردنی مووچە و هەقدەست دەبێ چالاکانە لە لایەن بزووتنەوەی کرێکارییەوە ڕەت بکرێتەوە.

ئەمانە ئەو ئارگیومێنتانە بوون کە مارکس و بیرمەندانی تری سۆشیالیستی زانستی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا دەبوو بەسەریاندا زاڵ بن، چونکە سەندیکاکان هێزێکی گەشەسەندوو بوون. ئەو کاتە زاڵ بوون. دەبێت ئەمڕۆش بەسەریاندا زاڵ ببین.

هەروەک چۆن ئەو کاتە، دەبێ ڕۆڵی جەوهەری شەڕی مووچە و هەقدەست و باردۆخی کارکردن سەربەخۆیی و یەکریزی کرێکاران بپارێزین و هەوڵ بدەین بۆ پەرەپێدانی هەموو ئەمانە لە پراکتیکدا بە هێزێکی نوێوە.

ئەو ململانێیانەی ئەمڕۆ لەسەرتاسەری ڕۆژئاوا بۆ زیادکردنی هەقدەست دەکرێن، یارمەتیدەر دەبن بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ ئەو هێزەی کە پێویستە بۆ سەرکەوتنی ئەو خەباتە. ئەمەش پێویستی بە شەڕێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی ڕوون و شۆڕشگێرانە هەیە.

لەلای مارکسیەکان ڕوونە کە کرێکاران و خەڵکی کەمداهات ڕووبەڕووی شەڕێکی چینایەتی بوونەتەوە و هەمیشە وەک کالایەک لە ژێر سەرمایەداریدا مامەڵەیان لەگەڵا دەکرێ و دەچەوسێنرێنەوە تا ئەو کاتەی خۆیان لە حیزبێکی سیاسی مارکسیدا ڕێکدەخەن بەرەو ڕووخاندنی سیستمەکە و دامەزراندنی سۆشیالیزم.

**توانا محەمەد نوری**

**١١/٧/٢٠٢٣**

**ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کرێکاریی!**

## درێژەی .... دوا وتە

سوتاندنی قورعان، تەورات و ئینجیل...تاد، هیچ کەسێک لە رووی جەستەیی و فیزیکیەوە بریندار ناکات و لەوەش واوەتر ناچێتە ناو خانەی توندوتیژی و هەڕەشەو ترساندنی هیچ کەس و کۆمەڵگە. سوتاندنی هەزاران قورعان و ئاڵا و وێنەی ڕابەران و تەریقەت و ڕێبازە جیاوازە دینی و قەومی و مەزهەبیەکان، نینۆکی هیچ کەسێک زیان پێ ناگەیەنێت و هیچ ئەندامێکی جەستەی ئینسان بریندار ناکات. دەبێتە مایەی نارەحەتی و نیگەرانی خەلێکیک یان بەشێک لە خەڵک، وەکو هەرچۆن ئەم خەڵکە رۆژانە لەبەرامبەر بەدەیان دیاردەو ڕوداو و لێدوان و سیاسەت و لێکدانەوە و بۆچوون و کردەوەی جیاوازدا نیگەران و نارەحەت دەبن. زوربەی هەرەزۆری ئەوانەی لەبەرامبەر قورعان سوتاندندا، سوتانی خۆیان نیشانداو کەمپەینیان وەڕێخست و هان و ختوکەی خەڵکی سادەیان دا،، بەدەگمەنیش نابینی یەک تاکە دانەیان بڕوای بە دیموکراسی و بە ئازادی سیاسی و ئازادی بەیان و بیرورڕا هەبێت، بەڵکو لەسەر سەرکوتی ئەوانە لەدەسەلاتدا ماون و هەڵەوەری سیاسەت و بانگەشەی جۆراو جۆر، دەکەن. ئەوەی کە هەرەشە لە بکەری قورعان سوتاندن دەکات، تۆمەتبارە. ئەوەی فتوا بۆ بکەر دەردەکات تۆمەتبارە. ئەوەی خەڵک و هەست و سۆزی خەڵک ختوکە دەدات، بۆ ئامانجی سیاسی تر و بەرژەوەندیەکانی تۆمەتبارە... ئاخر فتوا و هەرەشە و هاندانی خەڵک، بەکردەوە ئازار و توندوتیژی و کوشتنی لێدەکەوێتەوە. لە کاتێکدا سوتاندنی قورعان و تەورات و ئینجیل و هەر کتێبێکی تر... هیچ لێکەوتەیەکی جەسەدی و هەرەشەی، لێناکەوێتەوە.

چەندین سەدەیە بەشێک لە وڵاتانی دنیا بەتایبەتیش بەشیک لە وڵاتانی ئەوروپا و بەدیاریکراویش وڵاتانی ئەسکەندەنافیا" سوید، نەرویج، فنلند، دانیمارک، ئایسلاند" دەستوریان هەیەو دەستوریش سوتاندنی کتێبە دینی و مەزهەبیەکانی، بە بەشیک لە ئازادی بیرورا و بەیان و کارێکی یاسایی تەماشا دەکات. چۆن مۆڵەت دەدات بە هەر کەس و گروپ و لایەنێک خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبونەوە و نارەزایەتی خۆی دەرببرێت یان تەعبیر لە نارەزایەتی خۆی بکات، ئاواش سوتاندنی هەر کتێب و وێنەو ئالایەکی... بەیاسایی کردووە وەکو بەش و گۆشەیەک لە ئازادی بەیان و بیرورا لێی دەڕوانێت. لەم چەند سەدەیەدا بە سەدان و هەزاران جار کتێبە دینی و مەزهەبیەکان یان ئالاو وینەی سەرکردەو رەمزەکانیان، سوتێنران و خراونەت ژێر پێ و کونی تەوالێتەوە، کەسیش لەسەر ئەم کارانە نە هەڕەشەی لێکراوە و نە زیندانی کراوە و نەئازار دراوە و نەسزا دراوە، لەکاتیکدا هەرەشەکردن لە کەس و گروپ و دامەزراوەیەک، زلە وەشاندنێک و ئازار دانی ئینسانێک ئەگەر زۆر کەم و ناچیزیش بوبێت... لێپرسینەوەی یاسایی لەسەرە و کەسی بکەر سزا دەدرێت.

ئەوەی لەو نێوەدا جێگای رامان و هەڵوێستەیە، مامەڵەی بەشێک لە ئاتەئیست و چەپ و کۆمۆنیستەکانە، کە بە پاساوی جۆراوجۆر ئەو مافە زۆر سادەی ئازادی ڕادەربڕین و بەیان و جۆری نارەزایەتییە رەت دەکەنەوە. جارێک دەڵێن ئەو کەسە راسیست بووە، چۆتە گەرەک و ناوەندی ئیسلامیەکان و قورعانی سوتاندووە، ئەمەش هەست و سۆزی خەلکی بریندار کردووە، جاریکی تر دەلێن کەسی بکەری سوتاندنی قورعان، لەبەردەم مزگەوت و خەڵکدا، دوای قسە وتن بە ئیسلام و رەمزەکانی قورعانی لەبەرچاویان سوتاندووە، دەڵێن ئەمانە ناچنە ناو خانەی ئازادی بەیان و بیرورڕاو...تاد. سەیرە کەسێک کە نارەزایەتیەک دەردەبڕیت یان بەیان دەکات، دەیەوێت پەیامێک بگەیەنێت، شتێک و مەسەلەیەک رەت بکاتەوە، سادەترین کار ئەوەیە خۆی ئازاد بێت لە کویَ ئەو کارە دەکات و لەکویَ کاریگەری دادەنێت. خۆ ناکرێت بە کەسانێک کە پروتستۆ و ئیدانەو رەخنەیەک و نارەزایەتیەک دەکەن بلێت، بڕۆ بیکەو ئازادیت، بەڵام لە شوێنێکی چۆڵ، یان لەماڵ و جێگایەک کەس پێ نەزانێت و لەبەرچاوی کەس نەبێت و کەسیش نارەحەت نەکات!! ئەنجامی بدە. چ عەجەب چەپێکە!!. لە حاڵێکدا بەهای هەر خۆپیشاندان و نارەزایەتی و رەخنە و بەیانی رەتکردنەوەی شتێک لەوەدایە، کە بە ئاشکرا بێت و لەو جێگایەک بێت کە کاریگەری دادەنێت یان کەسەکە خۆی هەڵی دەبژێرێت... ئاخر رەخنەو ئازادی بەیان و رەتکردنەوەی هەر شتێک لە دڵی خۆتدا و دوور لەچاوی خەڵک و بە شێوەی نهێنی، یانی چی؟... دانانی ئەم مەرجانە یانی ڕیگەگرتن و کلۆم دانی بە کردەوەی ئازادی.

بەکورتی ئەم بەشە لە هاوڕییان... لەبەرامبەر بە رەخنەو رەتکردنەوەی چەند پرسی بەپیرۆزکراو...دەڵێن هەرچی دەکەن بیکەن، بەڵام بەدزییەوە بیکەن یان با لەبەرچاوی خەڵک نەبێت و خەڵکیش نیگەران نەکات... بەر لەهەموو شت ئەم ڕوانینە خەریکە کۆمەڵێک دۆسیە پیرۆز دەکات و رەتکردنەوە و رەخنەکردن و بێ بەهاکردنی، بە پیشێلی ئەو پیرۆزیانە دەزانێت.

ئەم دیدگایە بە کردەوە لەدواترە لە دیدگا و یاسای ئەو وڵاتانەی سوتاندنی هەر کتێب و ئالا و رەمزیک، بە یاسایی دەزانن و لە دەستوردا جێگیریان کردووەو نەک سزای لەسەر نییە، بەڵکو وەکو بەشێک لە ئازادی بەیان و بیرورا و نارەزایەتی لێی دەڕوانن. سەیرە چەپ و کۆمۆنیست بێت، و خوازیاری روخاندنی نیزامی سەرمایەداری بیت، بەڵام ئاستی رەخنە و ڕوانینت بۆ ئازادی بەیان و بیرورا، لەدوای دەسەلاتی سەرمایەدارییەوە بێت و خوازیاری ئەوە بیت دیموکراسی بۆرژوازی قارس بکرێت.

دیارە ئەوەی کە بەشێک لە ولاتانی ئەوروپا سوتاندنی قورعان و کتێبە دینی و مەزهەبیەکانی تریان، بەکارێکی یاسایی و بەشیک لە ئازادی بەیان و بیرورا دەزانن، لە بنەرەتدا بەرهەمی شۆرشی فەرەنساو رینیسانس و خەباتی چەندین دەهەی بزوتنەوە رادیکاڵ و کرێکاریی و پێشکەوتنخوازەکانە، کە بۆرژوازی ناچار بووە لە دەستوردا جێگەی بکاتەوە، کەچی بەشێک لە هاوڕییانی ئاتەئیست چەپ و کۆمۆنیست، ئەوە بە زۆر دەزانن و بەکردەوە داوا دەکەن ئەم دیموکراسییە بۆرژوازییە کە تەواو لە ئازادییەوە دوورە، قارس بکرێت و کورت بکرێتەوە.

بەدەستەوەگرتنی کەیسی قورعان سوتاندن لەلایەن بەشێک لە دەسەلاتە ئیسلامی و رەوتە ئیسلامیەکان مەیدانێکی ململانێیە لەگەڵ دیموکراسی بۆرژاوی و وڵاتە ئەوروپیەکان بۆ ئامانجی تر بە پاساوی ئەوەی کە گوایە سوتاندنی قورعان و رەخنەکرنی رەمزەکانی ئیسلام و مەزهەبەکان، هەستی موسوڵمانان و باوەڕداران بریندار دەکات.. ئەمە لە بنەرەتدا هەوڵ و ڕیگایەکە بۆ بەرگری نەک لە قورعان سوتاندن، بەڵکو بۆ ڕیگەگرتن لە رەخنەگرتن و لێکۆڵینەوە لە ئیسلام و قورعان و حەدیس و رەمزەکانی...

نارەحەتی و نیگەرانی و توڕە بوونی خەلک یان بەشێک لە خەڵکی موسڵمان و ناموسوڵمان، ئاساییترین و چاوەروانکراوترین دیاردەی ناو کۆمەڵگەیە کە هەمیشەو بەردەوام لەبەرامبەر بەدەیان دیاردەو روداو و لێدوان و سیاسەت و لێکدانەوە و بۆچوون و کردەوەی جیاوازدا نیگەران و نارەحەت دەبن، بێ ئەوەی هەرگیز بتوانرێت، نیگەرانی و نارەحەتی و هەست بریندارکردن، بەری پێ بگیرێت... بەڵام لە نێوان نارەحەتی و نیگەرانی و هەست بریندارکردن، لەگەڵ بریندارکردنی جەستەی کەسێک، هەرەشەیەک، توندوتیژی نواندن، لێدان لەکەسێک، فتوایەکدا... فاسیلەیەکی بێ کۆتا و گەورە هەیە.

**ناوەراستی تەموزی ٢٠٢٣**

## درێژەی.........بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

دەبێت، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەشوێنی کار و یان دەرەوەی شوێنی کار ڕوویداوە و بەبێ‌ئەوەی کە کرێکار پێویستیی بە سەلماندنی کەمتەرخەمیی خاوەنکار یان بەڕێوەبەرایەتی هەبێت. دانی کرێی تەواوی خانەنشینی بەو کرێکارانەی کە لە ئەنجامی کارەساتی کارەوە توانای کارکردن لەدەست دەدەن.

پێکهێنانی دەستەی ناوبژیوانی و چارەسەرکردنی کێشە، کە لە کەسانێکی هەڵبژێردراوی کرێکاران پێک دێت.

دارشتنو جێبەجێکردنی یاسا وڕێسا ناوخۆییەکانی کارگە و یەکە ئابووری و بەرهەمهێنەرەکان لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکارانەوە.

پێکهێنانی دەستەکانی پشکنینی کرێکاری بۆ چاودێری بەسەر پیادەکردنی ڕاست و دروستی یاسای کار لەسەرتاسەری وڵات و هەموو یەکە و دامەزراوەکاندا، بە ناوەندە خزمەتکاریەکانی ناوماڵانیشەوە.

پابەندکردنی خاوەنکار بە ڕاوێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی کرێکاران لەبارەی هەر بڕیارێکەوە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاری بەسەر شێوەی کار، سەعاتی کار، شوێنی کارو ژمارەی کرێکارانی لەسەرکار، بهێنێت.

مافی نوێنەرانی کرێکاران لە پشکنینی نوسینگەکانی ئەو دامەزراوەی کە کاری تێدا دەکەن. خاوەنکار لەسەرێتی هەموو ئەو زانیارانەی کە کرێکاران لەم پشکنینەدا مەبەستیانە بخاتە بەردەستیان.

**ماویەتی**

**نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران مافی دارشتنو جێبەجێکردنی یاسا وڕێسا ناوخۆییەکانی کارگە و یەکە ئابووری و بەرهەمهێنەرەکانیان هەیە...**

ساڵی حەوتەم ژمارە (148) بەرواری 15-7-2023

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
راوێژکاری سەرنووسەر: رێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس رەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
عوسمان محەمەد، عامر سابیر، ئیبراهیم عەباس، وریای رەسام، عەلی مەحمود، جەمال نوری، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر،سەردار عەبدوڵا حومە، ئاراس رەشید، توانا حەمە نوری، عەبدوڵا مەحمود....

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری کوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە"...

## بەڵگەنامەی نۆکەر پیشەیی: ئەمەی خوارەوە سوپاسنامەی ئێرانە بۆ جەلال تاڵەبانی لەرێگای حەمەی حاجی مەحمودەوە بە بۆنەی هێرش بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی!


رۆژنامەی کیهان، رۆژی سێ شەممە 11 مرداد (ی ئاب)، لاپەڕەی دوو

بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە سلێمانی – عیراق داخرا
هەواڵنێری کیهان لە شاری سنەوە

هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سلێمانی بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریان لە کوردستان داخست.

لە کاتی دەرکردنی ئەم حیزبە لە ناوچەی سلێمانی، کە بووە هۆی دەرگیری نێوان هەردوو لا و 10 رۆژ درێژەی کێشا، 10 کەس لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران کوژران و 10 کەسی تریش بریندار بوون.

بەپێی سەرچاوەی هەواڵەکان لەم کێشمەکێشەدا ئەندامێکی ئیحتیاتی کۆمیتە ناوەندی ئەم حیزبەش کوژراوە. هەروەها هەواڵنێرمان رایگەیاند کە: رابەری ئەم حیزبە بە ناوی مستعاری "منصور حکمت" ەوەیە یەکێکە لە قوتابییەکانی زایۆنیستێکی ناسراوی ئینگلیزییە وە سەرچاوەی ماڵی ئەم حیزبە لەلایەن ئەم زایۆنیستەوە دابین دەکرێ.

هەروەها ووتی: سوپاس گەرم و پێزانینی دەولەتی ئێران لەم هەنگاوەی تاڵەبانی لە کاتی دیدارێکی ئەم دواییانەی هەیئەتێکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان بە سەرۆکایەتی محمد حاجی محمود، لەگەڵ رەمەزان زادە سەرۆکی پارێزگای کوردستان پێیان راگەیاندرا!

دوا وتە

## سوتاندنی قورعان و قارس کردنی دیموکراسی بۆرژوازی!


**عەبدوڵا مەحمود**

سوتاندنی کۆپییەکی قورعان لە بەردەم یەکێک لە مزگەوتەکانی سوید، کاردانەوەیەکی خێرای بەدوای خۆیدا هێنا... ئەم کاردانەوەیە، لە بنەڕەتدا کاردانەوەی باوەڕداران، نەبوو بە سوتاندنی قورعان، بەڵکو هەڵچوون و کاردانەوەو کەمپەینی بەشێک لە سیاسیەکان و سەرۆک و سکرتێری حزبە ئیسلامیەکان و وڵاتە ئیسلامییەکان بوو... کەمپەین و کاردانەوەی ئەوانە بوو، کە خۆیان بەسەدان قورعان و مزگەوت و بەسەدان هەزار ئینسانی موسڵمان و باوەڕدار و بێ باوەڕ و هەڵگری باوەڕی دیکەیان، بەو پەڕی دڵرەقی و لەسەر نەریتی ئیسلامی و فاشیستی و بەعسیتی سوتاندووە و کردووە بە قەرەبروت. ئەوانەی کەمپەینیان وەرێخست و هەموو هەوڵێکیان دا تا ختوکەی خەڵکی باوەڕدار و موسوڵمانان بدەن و سوتاندنی قورعان، وەکو کارەساتێکی گەورە و رووداوێکی بێ وێنەو مەترسیەکی غول ئاسا لەسەر ئیسلام نیشان بدەن و ئەوە بە ژێر پێخستنی رەمزی باوەڕداران وێنا بکەن، هەر ئەوانە بوون کە دەستیان تا ئەنیشک لە خوێنی ئازادیخوازان، خەڵکی بێتاوان، لایەنگرانی ئازادی و تێکۆشەرانی کۆتاییهێنان بە ستەم و بێمافی و هەلاواردن دایە. ئەوانە ئەو نۆکەر پیشەو دزو جەردانە بوون کە کارنامەیان لە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا، هێندە نەنگینە، بەڵگەی پێویست نییە... ئاخوندەکانی ئێران، ئەردوغان و هاوشێوەو دەوێشەکانی، تاڵیبان و مقتەدا سەدرەکان و سەلەفیەکان، بەشێک شێخە ملیاردێرەکانی کەنداو...تاد.

هەموو ئەم جڕ و جانەوەرە دەم پیس و دڕندانە، پاساویان بۆ ئەم هێرشە هیستریکییە، هەرچییەک بێت، ناتوانێت ئەو راستییە بشارێتەوە، کە ئەمانە بەر لەهەموو شت بازرگانانی دین و مەزهەبن...سیاسییە مایەپوچ و نەفرەتلێکراوەکانن، هەروەها بانگەشەی ئەوەی کە ئەمە هەستی موسڵمانانی بریندار کردووە، درۆیەکی ئاشکرایە.

سوتاندنی کتێب هەر کتێبێک، ئاڵا و هەر ئاڵایەک، گردانی وێنەی هەر رەمزو سەرکردەیەک... نەک تاوان نییە، بەڵکو کارێکی تەواو ئاساییە... بەشێکە لە ئازادی بیروڕا دەربڕین و جۆرێکە لە نارەزایەتی دەربڕین و رەتکردنەوە.

بۆ لاپەڕە 14




بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام